لەزنجیرە کتێبەکانی ڕێکخراوی ئینتەرنێت و کۆمپیوتەری کوردستان (  )

# Kico




شیکردنەوەی بەرنامەی دیزاین ئامێزی کۆمپیوتەر

ئەدۆبی ئیلوسترەیتەر



ئامادەکردن و نووسینی : چێنەر جمیل محمود



لەگەڵ سیدی کتێبەکەدا ڤەرژنی 12ی تەواوی پرۆگرامەکە هەیە

لەگەڵ چەند پێویستیەکی تری بەرنامەکە وەک پلەگین و چەندین بەشی تر

سوپاس و پێزانین بۆ سەرۆکی ڕێکخراویkico کە هاوکارم بوو لە ئەرکی لە چاپدانی ئەم کتێبەدا

فێربوونی ئەدۆبی ئیلۆسترەیتەر

ئامادەکردن و نووسینی : چێنەر جمیل

دیزاینی ناوەوەو بەرگ : چێنەر جمیل

ساڵ وشوێن : سلێمانی 2007

شوێنی چاپکردن : چاپخانەی گەنج

Chenar88@hotmail.com

## دەستپێک:

کۆمپانیای ئەدۆبی یەکێکە لە گەورەترین و پێشەنگ ترین کۆمپانیای بەرهەم هێنانی سۆفتوێر لە جیهاندا.،دیارە ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە کەزۆرترین پسپۆرو ئەندازیارانی بواری پرۆگرامسازی بۆ ئەم کۆمپانیایە کارئەکەن،وە لە هەریەک لە پرۆگرامەکانی ئەدۆبیدا گەورەترین team work بەشدار دەبن لە پێکهاتەی پرۆگرامەکەدا و لەبەر ئەم هۆیەش بۆتە خاوەنی نازناوی گەورە لەبواری(It)دا.

ئەدۆبی خاوەنی چەندین سۆفتوێری ناوادرە لەوانە فۆتۆشۆپ کەبە بەهێزترین بەرنامەی فۆتۆگرافی دائەنرێت تائێستا لەجیهاندا و پاش دروستکردنی acrobat reader (پرۆگرامێکی ناسراوی خوێندنەوەو پاراستنی کتێبە ئەلیکترۆنیەکانە کە بە e-books ناسراون لە پەرگەکانی ئینتەرنێتدا) شۆڕشێکی بەرپاکرد لەدنیای It دا...،

هەربۆیە بەپێویست و ئەرکی سەر شانی دەزانم کە باسی یەکێک لە ئاڵۆزترین و پرتەکنیکترین(هەر وەک ئەدۆبی باسی دەکات) بەرنامەی ئەدۆبیتان بۆبکەم لەدوتوێی ئەم کتێبەدا بەو شێوە سادەیەی کەبتوانن تێبگەن و ببنە یەکێک لەبەکارهێنەرانی بەرنامەکە...،

ماوەیەکی زۆرە کە کار لەسەر پرۆگرامە (vector base) ە کان ئەکەم لەوانە free hand ,max ,coral

لەپاش بەکارهێنانێکی باشی بەرنامەکە و کارکردنێکی زۆر لەگەڵ ئەم بەرنامەیەدا هەوڵمدا کرداره سەرەکیەکانی ئەم بەرنامەیە لەکتێبێکدا باس بکەم چوونکە ئەم بەرنامەیە مەودایەکی بێسنووری هەیە و پلەی یەکەمی هەیە لەکاری

(Illustration) دا، گەر لەفەرهەنگدا بەدووی مانای ئەم ووشەیە بگەڕێین ئەوا ئەبینین کە مانایەکی گشتگیری هەیە لە دیزایندا بەم جۆرە illustration=drawing, construct, artwork, explanatory image…

**بەڕێزان بۆ تێگەیشتنی تەواو و بۆئەوەی ببنە دیزاینەرێکی شارەزا پێویستە لە تەواوی کۆماندەکان تێبگەیت وە پاشان

بتوانی لەئەنجامی تێهەڵکێشی ئەو کۆماندە جیاوازانە ئارتوۆرک یان کاری دیزاینی خۆت ئەنجام بدەیت، وە ئەم بەرنامەیە

لەدیزاینی بەرگدا بەهێزترینە هەتا ئێستا لەدنیادا...

لەئامادەکردنی ئەم کتێبەدا هەوڵێکی زۆرم داو زیاد لەپێویست ماندووبوم چوونکە پێش هەمووشتێک بەرنامەکە خۆی ئاڵۆزو ووردە ساناکردنەوەی بۆتێگەیشتن کارێکی دژواربوو ،پاشانیش مەگەر هەرئەوانەی کتێبی لەوجۆرە ئەنوسن لە دژواریەکانی کتێبنووسین بگەن وە پاشان من هەموو کارەکان هەرخۆم بەتەنیا ئەنجامم داون لە دیزاین و ئامادەکردن و نووسینیش

بەڵام من سووربوم لەبەئەنجام گەیاندنی کارێکی لەوجۆرە هەتا بتوانم کارێکبکەم بەزمانی دایک لەبواری it دا

ناساندنێکی ئەدۆبی ئیلۆسترەیتەر:(overview)

ئەم بەرنامەیە ڤێرژنی پێشوتری زۆری هەیە لەوانە 1 هەتا 12 واتە بەرنامەکە بەگۆڕانکاری زۆردا تێپەڕبووە هەتا بووە بە بەرنامەیەکی پرۆفیشناڵی،وەبەم دواییانە و دوای ئەوەی ئەدۆبی ماکرۆمیدیای کڕیەوە ڤێرژنی cs3 واتە 13 ی بەرنامەکە دەرچوو.

بەرنامەی Illustrator ڕوکارێکی نامۆی نیە و بەڵکو زۆر لە ڕوکاری فۆتۆشۆپ ئەچێت و تەنانەت زۆرکەس وادەزانن کە هەمان کاری فۆتۆشۆپ ئەکات

یەکێک لەهەرە جیاکەرەوەی ئەم بەرنامەیە بریتیە لەتایبەتمەندی (vector base) بۆڕوونکردنەوەی زیاتر لەم دایەگرامە ئەڕوانین:

گرافیک(computer graphic)

| bitmap graphics | Vector graphics |
|---|---|
| resolution dependent | Resolution independent |
| pixel dependent | Vector dependent |
| edited in photoshop or other Paint and image editing software | Generated just in vector base software |

ڕوونکردنەوەی زیاتری دایەگرامەکە:

vector : بریتیە لە هێڵ و چەماوەکەبەپێی تایبەتمەندی ئەندازەی و ماتماتیکی وێنەیەکی فۆتۆگرافی پێکدێنن،واتەئاڵۆزترین وێنەی ڤێکتەر گرافیک هەر بریتیە لە هێڵ یان چەماوە یان هێڵ و چەماوە پێکەوە وێنەکە پێکدێنن.



واتە گەر ئێمە وێنەیەكی ڤێكتەر گرافیكیمان هەبو ئەوا

ئەتوانین حەجمی ئەو وێنەیە بگۆڕین بەهەر جۆرێك كە ئەمانەوێت بەبێ ئەوەی هیچ لە دیققە و ڕوونی وێنەكە بگۆردرێت بەڵام ئەمە بەپێچەوانەوەیە لە وێنەی بیتماپ دا واتە ئەو وێنەیەی كەبە كامیرایەك دەیگرین یان دروستیدەكەین بەیەكێك لەبەرنامە فۆتۆگرافیكیەكان، چونكە لە پێكهاتنی وێنەیەكی بیتماپیدا پیكسڵ بەشدارە( جوارگۆشەی بچووك) نەك هێڵ و چەماوە

واتە دەسكاریكردنی حەجمی وێنەكە دیاریكراوەو سنورێكی هەیە بۆنمونە گەر چەندجارێك وێنەكە گەورە بكەین ئەوا بە ئاسانی دەتوانین ئەو پیكسڵكانە ببینین كە بەژدارن لەدروستكردنی وێنەكەدا بە ڕەنگی جیاواز

وە گەر زیاتر وێنەكە گەورە بكرێ ئەوا دیققەو ڕوونییكەی لەدەست دەدات

وە لەوێنەی بیتماپیدا هەتا ژمارەی پیكسڵەكان زیاتربن لە سانتیمەترێك چوارگۆشەدا ئەوا وێنەكە ڕوونتر بەدەر دەكەوێت

هەربۆیە لەكاتی كڕینی كامێرای فۆتۆگرافیدا سەیری pixel ratio ی كامێراكە دەكەین ،بۆنموونە گەر كامێرایەك 5 M.px

بیت واتە لەهەر ئینجێك چوارگۆشەدا 5 ملیون چوارگۆشەی بچووك بەژدارە و بە زیاد بوونی ئەو ژمارە پیكسڵانە وێنەكە ڕوونتر دەردەكەوێت و هەجمەكەی زیاتر گەورە دەكرێت ،بەڵام هێشتا هەر ناتوانین مامەڵەی ئازاد بكەین بە سایزی وێنەكەوە

هەربۆیە پشت دەبەسترێت بە وێنەی ڤێكتەر لەدروستكردنی لۆگۆ یان وێنەی ڕوونكاری وورد دا بە مەبەستی دەسكەوتنی بەرزترین دیققە،




ئەو دوو وێنەیە باشتر ڕوونی دەكاتەوە كەبریتین لە بیتماپ و ڤێكتەر.

كەواتە ئێستا بیرۆكەیەكمان وەرگرت سەبارەت بەجیاوازی وێنەی بیتماپ و ڤێكتەر

ئینجا داست دەكەین بە باسكردنی بەرنامەكە!"

لەپاش دابەزاندنی پرۆگرامەکە لەسەر ئامێرەکانمان ئەچین activate ی ئەکەین چونکە بەبێ ئەم کردارە ناتوانین بەکاری




بێنین بەم جۆرە




Adobe Activation
Activate Adobe Illustrator
Please take a few moments to activate your copy of Adobe Illustrator. Activation protects Adobe from illegal distribution of its software and helps ensure that you have a genuine copy of the software.
Activation Options
How would you like to activate Adobe Illustrator?
Over the Internet
By telephone via the Automated Software Activation System
Remind me
on next launch
More Information
To review the License Agreement you have accepted, click the License Agreement button.
License Agreement
Adobe does not receive or use any personal data during activation. Click the Activation Information button for more information.
Activation Information
Once your product has been activated, you can use the Activation Transfer feature to transfer the activation to another computer.
You must activate now or you will not be able to continue using this product.
Back
Next
Cancel


Adobe Creative Suite 2 ---OSCARia
Installation
Application:
Illustrator CS2 12.0
Serial Number:
1034-1282-1595-4940-6268-6826
Generate
Activation
Application:
Illustrator CS2 12.0
Request Code:
5195 - 3166 - 2238 - 7628 - 8889 - 1949 - 0473
Answer Code:
1795-0121-3167-5486-3529
Generate
2005
Exit
Adobe Activation
Phone Activation
Please follow the steps below:
1. Select your location:
United States
Note: If your location is not listed, please activate over the Internet.
2. Call one of the following numbers:
Toll-free: 1 866 772 3623
Direct (toll number): (1) 206 675 6222
Note: See www.adobe.com/actphone for a full list of phone numbers.
3. When prompted, please provide the following information:
Serial Number: 1034 - 1282 - 1595 - 4940 - 6268 - 6826
Activation Number: 5195 - 3166 - 2238 - 7628 - 8889 - 1949 - 0473
Activation Type: Normal
4. When you receive the Authorization Code, enter it here:
1795
0121
3167
5486
3529
Activation Options
Back
Activate

پاشان بەرنامەکە لەسەر ئامێرەکانمان دائەبەزێت و دوای ئەمەش پێویست بە ریستارت ناکات

ئەمەبریتیە لە رووکاری بەرنامەکە پاش کردنەوەی وە هەڵبژاردنی new document لە welcome screen دا کە ئاسای وەک هەر بەرنامەیەکی تر لیست و بەشەکانی وەکو تایتڵبار و مەنیۆ بارو ..بەشەکانیتری هەیە وە دەتوانین دەست بگرین بەسەر دەرکەوتنی هەر لیستێک یان بەشێک لە window دا یان دەتوانین سوود لەشۆرتکەتەکانیان وەربگرین چونکە لەم بەرنامەیەدا هەر کردارێک یان هەرشتێک شۆرتکەتی تایبەت بە خۆی هەیەوە دە توانین بەکاریان بێنین




تێ1/ گەر لەکاتی کردنەوەی بەرنامەکە بەشەسەرەکییەکانی دیارنەبوون ئەوا ئەچین بۆ window>workspace>default دیاری ئەکەین.




تێ2/پێش ئەوەی کار لەو پەڕە نوێیەدا بکەین ئەبێ جۆری ڕەنگەکەت(color mode) دیاری بکەیت کە مەبەستمان لەدیاری کردنی سیستمی ڕەنگە کە دووجۆری سەرەکیە RGB & CMYK

وەلەکاتی کردنەوەی هەر پەڕەیەکی نوێدا لە file>new یان ctrl+n بۆکسێک دێتە پێش کە دەتوانین چەند تایبەتمەندیەک هەڵبژێرین

بەمجۆرە

لە name داناوی کارەکەمان دەنوسین، وەلە size دا قەبارەی پەڕەک هاڵدەبژێرین بۆ نم. A4 یان هەر حەجمێکی تر کەلە width & height دا دیاری دەکەین وە بۆ گۆرینی یەکەی پێوانە ئەچین بۆ edit>preferences>units

وە orientation بۆ گۆڕینی پەڕەکە بۆ باری پانی و درێژی بەکار دێت

لەبەشی خوارتر color mode هەیە RGB(red,green blue) کە سیستمێکی ڕەنگیە تایبەتە بە کاری (screen graphic) واتە گەرویستمان کارێک بکەین کەلە پەڕەکانی ئینتەرنێتدا بەکاربێت بۆنم وەنەیەکی ڕونکاری یان لۆگۆیەک یان هەرکارێکی تر کە لە ئامێرەکانماندا هەڵیبگرین

جۆری دووەم بریتیە لە CMYK(cyan,magenta,yellow ,black) ئەم جۆرە سیستەمی ڕەنگە تایبەتە بە کاری پرینت واتە ڕەنگەکان گونجاو دەکرێت بۆ کرداری پرینت

تێ3\ دەتوانین بۆ خۆماڵی کردن و گۆڕانکاری زیاتر CTRL+K لەسەر کیبۆرد دابگرین.

ئێستاش باسی هەریەک لە ئامرازاکانی نێو بۆکسی ئامرازاکان (tool box) ئەکەین:

## بەکارهێنانی ئامرازەکانی دیاری کردن (selection tools)

(selection tool) /کاری ئەم ئامرازە بریتیە لە جوڵاندن و گواستنەوەی بەشەکان وە ڕێگەمان دەدات بەدیاری کردنی تەواوی بەشێک بەکلیک کردن لەسەر یەکێک لەخاڵەکانی ئەو بەشە کێشراوە وە ئەم ئامرازا ئەم شێوانەی هەیە:

/کاتێک ئەم شێوەی دەبێت کەلەسەر بەشێکی دیارینەکراوبیت وەک لەم وێنەدا




/کاتێک کەلەسەر شتێک یان بەشێکی دیاریکراوە وەتە سەلێکت کراو بەم جۆرە




/کاتێک بەشێک لە شکڵەکە سلێکت کرابێت بە سەهمە سپیەکە کاتێک ئەم ئامرازە نزیک ئەکەینەوە لەیەکێک لەو خاڵانە ئەم شێوەیە وەردەگرێت بەم جۆرە



تێ/ کاتێک شکڵێک بەم ئامرازە سلێکت کرابێت وە بەکرداری drag شوێنەکەی بگۆڕین واتە بیجوڵێنین بۆهەر شوێنێک وەدەست لەسەر ماوس لانەبەین پاشان لەسەر کیبۆرد ALT دابگرین ئنجا دەست بەردبدەین لە ماوسەکە ئەو شکڵەمان بۆکۆپی دەکات

لەوشوێنەی کەبۆمان گواستۆتەوە وەدەتوانین سوود لەم کردارە وەرگرین لە دروستکردنی شێوەی جۆراوجۆرو جیاوازدا

هەروەک لەم وێنە یەدا وەئەتوانین زیاد لە چەند بەشێک سلێکت بکەین و پاسان هەر بەهەمان کردار کۆپییان بکان بۆ ئەو شوێنەی کەدەمانەوێت.



(direct selection tool): ئەم سەهمە سپیە ئامرازێکی گرنگەو بەکاردێت لەگۆڕانکاری لەشکڵە کێشراوە بنەڕەتییەکەدا دیسانەوە بەپێی بەکارهێنانی وەکو سەهمە ڕەشەکە شێوەکەی ئەگۆڕێت،

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باش ئەم ئامرازە بەکاربێنین ئەوا هە مووکات بام جۆرە بەکاری بێنە

ئەچین ئەو شکڵەی ئەمانەوێت دروستی ئەکەین(کە دواتر باسی ئامرازەکانی کێشانیش ئەکەین) بۆ نم.بازنەیەک پاشان پیتی Q لەسەر کیبۆرد دائەگرین بۆهێنانی (lasso tool) وە بەدەوری هەریەکێک لە خاڵەکاندا ئەیهێنین واتە بازنەیەکی بەدەوردا ئەکێشین بۆئەوەی سلێکتی بکەین پاشان ئەچین کلیک لە سەهمە سپیەکە ئەکەین یان

A لەسەر کیبۆرد دائەگرین پاشان ئەتوانین لەو خاڵانەوە بە کرداری drag واتە ڕاکێشان گۆڕانکاری ئەنجام بدەین سەرنجی ئەم وێنانە بدە:







هەروەها ئەتوانین لەکاتی drag دا لەسەر کیبۆرد ALT داگرین بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕێک گۆڕان لەخاڵەکانەوە بکەین.

(direct selection tool ) / ئەم ئامرازە بەکاردێت لەدیاریکردنی بەشێک لە گروپێکدا'،واتە گەر چەند شکڵێکمان هەبێت پێکەوە گروپیان بکەین بەکلیکی لای ڕاست لەسەریان ئەوا ئەم ئامرازە بەکاردێت بۆدیاریکردنی بەشێکی ناوگروپەکەو گۆڕانکاری تیاکردنی.

بۆزیاتر ڕونکردنەوە"

group/ بریتیە لەکرداری یەکگرتنی چەند بەشێک یان چەند شکڵێکی کێشراو بۆئەوەی وەک یەک شکڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکەین بۆنم.گەر سێبازنەمان کێشا پاشان هەرسێکیانمان سلێکت کردو پەنجەمان نا بە CTRL+G ئەوا ئەوسێ بازنەیە دەبنە یەک شکڵی کێشراو وەکویەک کردارەکانی بەرنامەکەیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت:





(lasso tool) ئە مە هەرئامرازەکەی فۆتۆشۆپە بەکاردێت لەدیاریکردنی خاڵەکانی سەر شکڵێک وە دواتر بەهۆی بەکارهێنانی سەهمەسپیەکە دەتوانین گۆڕانکاری لەو خاڵانەدا بکەین.

(magic wand tool) ئەمەش ئامرازێکی دیاریکردنی ترە بەکاردێت لە سلێکت کردنی ئەو شکڵانەی کە هەمان تایبەتمەندیان هەیە هەر وەک لەم وێنەی خوارەوە باشتر بەدەرئەکەوێت کە کلیکمان لەسەر یەکێ لە وێنە هاوشێوە کان کردووە پاشان هەموو ئەوانەی لەیەک ئەچن سلێکت بوون:



## ئامرازەکانی کێشان: drawing tools




1/ کێشانی هێڵ: کلیک ئەکەین لەم ئامرازە لە نێو بۆکسی ئامرازەکان وەلەخاڵێکی سەرشاشەکە کلیک ئەکەین و دەست لەکلیک بەرنادەین و دەست ئەجوڵێنین تابەو گۆشەیەی ئەمانەوێت هێڵەکە بکێشین وە هەر بەکرداری drag درێژیەکەی دیاری ئەکەین؛

لەکاتی کێشانی هیڵ دا گەر:

*(shift) داگرین ئەوا بەشێوەیەکی ڕێک ئەو هێڵەمان بۆدەکێشیت وە گەر دەست بجوڵێنین ئەوا بە گۆشەی 45 ئەو هێڵە دەکێشرێت.

*(ALT) وەگەر ئەم کلیلەمان داگرت لەکاتی کێشانی هێڵەکەدا ئەواهەردووسەری هێڵەکە بەشێوەیەکی ڕێک درێژ دە بێتەوە واتە لەکاتی drag دا.

*(space bar) دەست ئەنێین بەم کلیلەدا بۆئەوەی بەشێوەیەکی ئازاد هێڵەکە بگوێزینەوە بۆهەرشوێنێکی تر.

*(tilde key) ئەم کلیلە لەسەر کیبۆرد ئەکەوێتە سەرووی کلیلی tab ە وە کە ئەگەر لەکاتی کێشانی هەر ئامرازێکدا داییگرین ئەوا ئەو ئامرازە دوو بارەو چەند بارە ئەبێتەوە دەئاراستەی ڕاکێشانی دەستمان،بۆ نم.لەو وێنەیەی خوارتردا لەکاتی کێشانی ئەو ئەستێرەیەدا دەستمان ناوە بەم کلیلەداو لەهەمان کاتیشدا spacebar مان داگرتووە.

وەبۆدیاریکردنی پانی هێڵەکە یان هی هەر ئامرازێکی تر یەکێ لەم ڕێگایانە بەکاردێنین؛



پاش کێشانی هێڵەکە ئەچین نرخی stroke weight ئەگۆڕین لەبەشی سەرەوە بەم جۆرە




یان ئەچین بۆ object>path>offset path پاشان پەنجەرە یەکی بچوک دێتە پێش کەلە offset دارێژەی پانی هێڵەکە دیاری بکە

وەلە joins داشێوەی گۆڕانکاری لەم سەرو ئەوسەری ئەو هێڵە دیاری بکە کەسێ جۆرە

meter واتە هەردوو سەری هێڵەکە چوارگۆشەبن

round واتە هەردوو سەری هێڵەکە شێوەیەکی هێلکەی هەبێت

bevel کە هەروەکو meter وایە



لەپاشان ئەتوانین کلیکی ڕاست لەسەر هێڵەکە بکەین و groupهەڵبژێرین بۆ تەواو بونی کارەکە



سەرنج / گەر لەهەر ئامرازێکی ناو بۆکسی ئامرازەکان خاڵێکی ڕەش لەسوچی خوارەوەیدا هەبوو واتە ئەو ئامرازە بەشی تری لەگەڵدایە بۆدیتنی بەشەکانی تر کلیک لەسەر ئامرازەکە دەکەین و دەست لەکلیک بەرنادەین تا بەشەکانی تریش بەدەربکەوێت بەم جۆرە:

کێشانی هێڵی قەوس: گەر دوو کلیک بکەین لەسەر ئەم ئامرازەلەنێو بۆکسی ئامرازەکان ئەوا بۆکسی تایبەتمەندی ئەم ئامرازەمان بۆ ئەکرێتەوە بەم جۆرە




کە دەتوانین درێژی و بەرزیەکەی دیاری بکەین لە دوو ئختیاری یەکەمدا،وەلەوە چوارگۆشە یەدا

ئەتوانین شێوەی هەڵگەڕاندنەوەکەی بگۆڕین بەکلیک کردن لەیەکێ لەو چوار خاڵەدا،

وەلەبەشی type دا ئەتوانین شێوەی کراوە یان داخراوی بۆدیاری بکەین

پاشان لەبەشی خوارەوەیدا بجوڵاندنی ئەو سلایدەرە ڕێژەی لاریەکەی دیاری ئەکەین و ok ئەکەین.



* ئەم ئامرازە سودی لێدەبینرێت لەدروستکردنی شێوەی جۆراو جۆردا هەروەک:

* لەکاتی کێشان بەم ئامرازە ئەتوانین هەمان تێبینیەکانی کێشانی هێڵی لە بۆ



بەکاربێنین،یان گەر ڕاستەو خۆ ئەم ئامرازەمان دیاریکرد بە یەک کلیک لەناو

بۆکسی ئامرازەکاندا لەکاتی کێشان ئەتوانین c داگرین بۆگۆڕینی کراوە یان داخراو

یان f داگرین لە هەڵگەڕاندنەوەیدا.

## کێشانی شێوە ئەندازەییەکانی تر:

rectangle tool : بەکاردێت لەکێشانی لاکێشە یان چوارگۆشە وابەکرداری دراگ لەکاتی کێشاندا سایزەکەی دیاری ئەکەین یان لاکاتی کێشاندا shift داگرین ئەوا چوارلای ڕێکمان بۆئەکێشێت. 

rounded rectangle : بەکاردێت لەکێشانی چوارلایەک کە سوچەکانی شێوەی هێلکەییان هەبێت

وەلەکاتی کێشاندا بە سەهمەکانی سەرەوەو خوارەوەی کیبۆرد ئەتوانین ڕێژەی چەماوەیی سووچەکانی دیاری بکەین،وە هەمان تێبینی سەرەوەی بۆئەبێت 

ellipse tool: بەکاردێ بۆ کێشانی بازنە یان شێوەی هێلکەی گەرویستمان بازنە بکێشین ئەوا لەکاتی کێشاندا shift دائەگرین یان گەر shift+alt داگرین لەکاتی کێشاندا لەهەر خاڵێکدا ئەوا لەوخاڵەدا بەشێوەیەکی جێگیر دەکێشرێت. 

polygon tool : بەکاردێت لەکێشانی شکڵی چەند لادا واتە ژمارەی لاکان بەدەست خۆمانە لەسێگۆشەوە هەتا شەش لاو هەشت لا....تادوایی،وەبە سەهمی سەرەوەی کیبۆردەکە لەکاتی کێشاندا ژمارەی لاکان زیاد دەکات وە بەپێچەوانەوە بۆ سەهمی خوارەوە. 

star tool : بەکاردێت لەکێسانی شکڵی ئەستێرەیی جیاوازدا،لەکاتی کێشاندا سەهمەکانی سەرەوەو خوارەوەی کیبۆرد بەکاردێت لە گۆران لەژمارەی لاکاندا،یان CTRL دابگرین بۆئەوەی بەشی ناوەوەی بەنەگۆڕی بمێنێتەوە واتە نیوە تیرەکەی. 



flare tool : ئەم ئامرازە زیاتر وەک کاریگەری هاوێنەیی(lense effect) بە کاردێت لەپێدانی کاریگەریەکی جوان بەکارەکە وە زیاتر ئەم ئامرازە لەسەنتەری شکڵە ڕەنگکراوە کاندا بەکاردێت بەم جۆرە:





spiral tool : بەکاردێت لە دروستکردنی شێوەی لولپێچی دا وەلەکاتی کێشاندا بەسەهمەکانی سەرەوەو خوارەوەی کیبۆرد بازنەکانی ناوەوەی زیادو کەم ئەکەین،یان گەر CTRL داگرین و دەست بجوڵێنین ئەوا نرخی decayئەگۆڕدرێت ،

وە گەر لەپاش دروستکردن کلیکی چەپی لەسەر کەین ئەوابۆکسی تایبەتمەندی بۆ ئەکرێتەوە و تیایدا

ئەتوانین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین لەوانە هەڵگەڕاندنەوەی لەبەشی style دا. 



rectangular grid : هەرچی ئەم ئامرازەشە بەکاردێت لەدروستکردنی خشتەیەک بەپێی تایبەتمەندی

خۆمان،لەکاتی کێشاندا بەسەهمەکانی سەر کیبۆرد ئەتوانین ژمارەی خانەکانی ناو خشتەکە زیادو کەم بکەین بەگۆڕینی هێڵە ئاسۆیی و ستونیەکان واتەسەهمی سەرەوە بەکاردێت لەزیاد کردنی هێڵە ئاسۆیەکاندا وە سەهمی لای ڕاست بۆ زیادکردنی هێڵی ستوونی.



polar grid tool: ئەم ئامرازەش بەکاردێ لە دروستکردنی شکڵی چەند بازنەیەکی هاوچەق یان یان بازنەو هێڵ پێکەوە ،لەکاتی کێشاندا ئەتوانین shift داگرین بۆ بازنە

وە بەسەهمەکانی سەر کیبۆردەکەش ئەتوانین دەست بگرین بەسەر هەر بازنەیەک یان هێڵێکی ناو

شکڵەکە بەم جۆرە:



*** لەکاتی بەکارهێنانی هەریاکە لە

ئامرازەکانی کێشانی ئەم بەرنامەیە ئەتوانین لەکاتی کێشاندا

space barداگرین بۆ گواستنەوە یان tilde keyبۆ دەدەبارەکردنەوە.

*** بەهۆی ئامرازەکانی کێشانی ئەم بەرنامەیەوە دەتوانین هەرشکڵێکمان بوێت بەهەر تایبەتمەندیەک

دروستییبکەین لەئەنجامی بەکارهێنانی هەریەک لەو ئامرازانە لەشوێنی گونجاودا

*** ئەتوانین سوود لە info وەرگرین لەکاتی کێشان بەهەر ئامرازێک گەر F8 لەسەر کیبۆرد داگرین پاشان بۆکسێکی بچوک دێتە پێش کە دوو بەشە،لە info دا زانیاریەکانی وەک درێژی و پانی و گۆشەی کێشان و جۆرو سیستمی ڕەنگ بەدی دەکرێت بۆ بەشە کێسراوەکە،

navigator ئەم بەشە scalable ە واتە دەتوانین قەبارەکەی گەورەو بچوک بکەین بە ڕاکێشان واتە دراگ لەسوچی لای چەپی زوارەوەی بۆکسەکە، navigator واتە بینگە بەکاردێ بۆ بینینی کارەکەمان بەشێوەی جیاجیا

بەم جۆرە وەک لە خوارەوە ڕونتر دیارە:







بۆ گۆڕینی سایزی

بۆکسەکە بۆ هێنانە پێشەوە

بەکلیلکردن لەسەری بە جوڵاندنی ئەم سلایدەرە ئەوا قەبارەی ئەو چوارگۆشە سوورەی

ناو بۆکسەکە بچوک ئەبێتەوەو لەهەمان کاتدا قەبارەی وێنەی سەر شاشەکە

گەورە ئەبێت و ئەتوانین بەهۆی جوڵاندنی ئەو چوارگۆشەیە بەسەر بەشەجیاوازەکانی

وێنەکەدا بەشێوەیەکی باش وێنەی ئەو بەشە بچوکە لەسەر شاشەکە ببینین.

سەرنج / لەکاتی کێشان بەهەر ئامرازێک ئەتوانین سوود وەرگرین لەچوارگۆشەی دەوری ئەو بەشە کێشراوە لەگۆڕینی حەجمەکەیدا وە بۆ دیار بوون یان بەدەر نەکەوتنی چوارگۆشەی دەوری شکڵەکان ئەچین بۆ view>show or hide bounding box بەم جۆرە:



بەکرداری دراگ ئەتوانین سایزی ئەو شکڵە

بگۆڕین لەهەر چوارلاوە گەر پاش کێشانی شکڵەکە v داگرین



یان بە سەهمە ڕەشەکە ئەو شکڵە سلێکت بکەین پاش کێشانی.

zoom tool / بەکاردێ لە هینانە پێشەوە یان بردنەوە دواوەی وێنەکە بۆ هێنانە پێشەوە کلیک لەم ئامرازە ئەکەین لەناو tool box یان لەسەر کیبۆرد z دائەگرین پاشان بەکلیککردن لەهەر بەشێکی وێنەکە ئەتوانین ئەو بەشە بێنینە پێش وەبۆ دوور خستنەوەی وێنەکە لەسەر کیبۆرد کلیلی CTRL دائەگرین پاشان لەگەڵیشیا دەست ئەنێین بە هێمای - دا

وەهەر کاتێک بمانەوێ وێنەکە بچێتەوە باری ئاسایی خۆێ ئەوا CTRL+1 دائەگرین یان ئەچین بۆ view>actual size یان دووکلیک لەسەر ئامرازی zoom tool ئەکەین.





لەم بەرنامەیەدا ئەتوانین سۆنگەی جاواز بۆ وێنەیەک دروست بکەین واتە بۆ هەربەشێکی ویستراو بینینێکی ویستراو دروست ئەکەین

بۆ دروستکردنی بینینی تایبەتی ئەو شوێنەی بینینەکەی بۆدروست ئەکەی بۆ نم، تاکۆتایی بیهێنە پێش هەروەک لەوێنەکەی سەرەوەدا دیارە پاشان ئەچین بۆ view>new view لەو بۆکسە بچوکەدا ناوێکی بۆدانێ پاشان CTRL+1 بۆچونەوە باری ئاسایی،

ئێستا گەربچین بۆ لیستی view ئەوا ئەو ناوە زیاد بوە لە لیستەکەداو هەر کاتێک کلیکی لەسەر بکەین ئەو سۆنگەیەمان نیشاندەدات.

وەئەتوانین هەتا زیاد لە 25 سۆنگەی جیاواز دروستکاین لە وێنەیەکدا،

وە گەر ویستمان ئەو وێنەیەی هەمانە بەشێوەی pixel ببینین واتە هەر وەک لە فۆتۆشۆپدا ئەوا ئەچین بۆ

view>pixel preview

تێ1 ئێمە لەم بەرنامەیەدا دوجۆری سەرەکی بینینمان هەیە واتە یان preview باری ئاسایی یان outline

بەڵام outline بریتیە لەدەر خستنی شێوەی (تەللی) ئەو وێنەیە هەروەک لە سریدی ماکسیشدا wire preview هەیە کەهامان شتە لەم جۆرە بینینەدا دەسکاری کردنی وێنەکە ئاسانترە و خاڵەکانی سەر وێنەکە بە سانایی دیارن و ئەتوانین گۆڕانکاریان تیا بکەین ،هەرکاتێ ویستت ئەتوانی بۆگۆڕان لەم دوو بینینەدا ctrl+y داگریت یان view>outline بەمجۆرە:








تێ 2 / لەکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکاندا ئەتوانین سوودی زۆر وەرگرین لە control palette کەلە سەروی شوێنی کارەکەمانەوەیە یان window>control palette گەر بەدەر نەکەوتبو، ئەم بەشە نەگۆڕنییە و بەڵکو بەپێی بەکارهێنانی ئامرازی دیاری کراو ئەگۆڕێت بۆ دەرخستنی گۆڕانکاری تایبەتمەند بەو کارە بۆ نم.لەباری ئاسایدا واتە لاکاتی بەکارهێنانی ئامرازەکانی کێشاندا ئەو شێوەیەی سەرەوەی هەیە کەلەچەند بەشێک پێک هاتوە لەچەپەوە بۆڕاست:

Fill / بریتیە لەرەنگی ناوەوەی بەشەکە گەر کلیکی لەسەربکەین دەتوانین بەهەڵبژاردنی یەکێ لە ڕەنگەکان ڕەنگی شکڵە سلێکت کراوەکەمان بگۆڕین،وەیەکێک لەتایبەتمەندیە بەهێزەکانی ئەم بەرنامە ئەوەیەکەڕێگەمان ئەدات بەدروستکردنی swatch ی تایبەت مەند بە پێی ویستی خۆمان کە وەک ڕەنگ بۆ شکڵەکەی بەکار دێنین(دواتر باسی ئەکەین).

Stroke / بریتیە لە هێڵەکانی قەراخی وێنەکە واتە ئەتوانین بەکلیک کردنی ڕەنگێک بۆ هێڵە پێکهێنەرەکانی وێنەکە دیاری بکەین وەگەر ماوسەکەمان ببەینە سەر ووشەی stroke دەگۆڕێت بۆ هێمای دەست واتە هەڵبژاردنی زیاترمان هەیە لەو شوێنەدا کلیکێک دەکەین و پەنجەرەیەکی بچوک ئەکرێتەوە کە کرداری گرینگی تیا ئەنجام دەدەین بەم جۆرە: لە weight دا قەبارەی stroke کە دیاریبکەین بە هەڵبژاردنی یەکێ لەنرخەکانی ناوی یان خۆمان نرخێکی تیا ئەنوسین و دەست ئەنێین بە tab دا لەسەر کیبۆرد،




ئەو ئایکونە بچوکانە

بەکاردێت لە گۆڕانکاری لە شێوەی هێڵە پێکهێنەرەکان

بەشێوەی تیژ،هێلکەیی یان چوارگۆشەیی بەکلیک کردن لەسەریان

هەروەک لەوێنەکەدا دیارە کە لەو سێ ئەستێرەیەدا:



وە ئەتوانین بە شێوەی جۆراو جۆری تر بیگۆڕین

لەوانە بەشێوەی خاڵ خاڵ یان خەتخەتی ڕێک یان خاڵ و خەت گەر ئەو چوار گۆشەیەی بەردەم dashed line دیاری بکەین

وە نرخ لە خانە کاندا دابنێین بۆ نم.گەر بمانەوێت بەشێوەی خاڵ بێت ئەو

لە چوارگۆشەی یەکە 0.5 و لە دووەمدا 1 واپاش نوسێنی هەرژمارەیەک لەخانەکاندا tab داگرە لەسەر کیبۆرد بۆ دیتنی گۆڕانکاریەکە

وە دەتوانین بە گۆڕینی نرخەکان شێوەی ڕیزبۆنەکانیان بگۆڕین



هەروەک دیارە لە وێنەکەدا:

stroke weight / بەشێکی تری نێو control paletteە کە هەر بەکاردێت لە گۆڕینی سومکی هێڵە بنەرەتیەکانی وێنەکە.



brush / بریتی لەبەکارهێنانی فڵچە کەدەتوانین بەشێوەی free hand شکڵی جوانی پێبکێشین بەهۆی ئامرازی paint brush toolەوە کە دواتر باسی ئەکەین بەدرێژی

**style** / بەکار هێنانی زۆرگرنگەو بە شێوەیەکی خێرا دەمانگەیەنێتە دروستکردنی

جوانترین لۆگۆ و وێنەی ویستراوی تر ،

گەر کلیکی لەسەر بکەین دەبینین کەچەند ستایلێکی تێدایە و بۆ هەڵبژاردنی هەریەکەیان سەرەتا

ئەبیت وێنەکەمان کردبێ و پاشان سلێکت مان کردبێ
ئینجا کلیک دەکەین لەسەر هەریەکێکیان بۆ پێدانی

ئەو ستایلە بە وێنە کێشراوەکە بەم جۆرە هەر وەک لە وێنەکاندا دیارە:






*** ئەتوانین چەندین جۆری تری styleی جیاواز بەکاربێنین لە بەرنامەکەدا بۆ ئەو مەبەستە ئەچین بۆ window>graphic style libraryکەلە چەندین سێتی جیاواز پێکهاتون یەکێکیان هەڵئەبژێرین بۆ نم. buttons and rolloversوە دەتوانین بەکاریان بێنین...

***ئەتوانین جگە لە و ستایلانە بەدەیان ستایلە تر بێنین بۆ بەرنامەکە لە و سیدیەی کەبەرنامەکەی تێدایە ئەچین کۆپیان دەکەی نو پاشان لەشوێنی تایبەتی خۆیدا پەیستی ئەکەین.

بەکارهێنانی هێڵ و تۆڕی ڕێنمایی(Guides & Grids) : ئەم دوو کرداره زۆرگرنگن بۆ یارمەتیدانمان لەدروستکردنی شکڵی چوونیەک واتە(symmetry) بەهۆی هێڵەڕێنماییەکانەوە واتە guide line وە سوودیان لێدەبینرێ لە دیاری کردنی خالە جیاوازەکانی سەر شکڵێکدا بە هۆی یەکتربرینی دوو هێڵ لەم هێڵانەوە،



وە بۆ هێنانی یان دروستکردنی ئەم هێڵانە ئەبێ لە لای سەرەوەو لای چەپی شاشەکە ڕاستە بەدەر کەوتبێ کەئەتوانین بە ڕاکێشان واتە دراگ لەڕاستەی سەرەوەو لای چەپ هێڵی ڕێنمایی لەهەر شوێنێک دەبنێین کە ئەمانەوێت وە گەر CTRL+R دابگرین ئەوا ڕاستەکان بەدەر ئەکەون بەم جۆرە کەلەم وێنەیەدا هاتوین هەر چوار خاڵی بازنەکەمان دیاری کردووە بەهۆی یەکتر برینی دوو هێڵی ڕێنماییەوە:

وە هەرچی grid یشە بریتیە لە تۆڕێکی ووردی خانە خانە

کەئەتوانین دەستبگرین بەسەر چونیەتی ئەوخانانەدا بەهەر جۆرێک

وە ئەتوانین بەکاریان بهێنین لە دروستکردنی شکڵی زەخرەفیدا بەهۆی

یەکێک لەئامرازەکانی کێشانەوە بەتایبەتی pen tool کەدواتر باسی ئەم ئامرازەش دەکەین

بۆدەرکەوتنی ئەم تۆڕانە ئەچین بۆ view>show grid وەئەم تۆڕو هێڵانە لاکاتی پرینتدا دەرناکەون

تەنها بۆیاریدەدانە دوای دروسکردنی شکڵی ویستراو بۆ دیارنامانیان ئەچین بۆ view>hide grid

or view>guides>hide guides

هەر وەک لەم وێنەسادەیەدا سوودمان لەکرداری کۆپیکردن و grid وەرگرتووە:





*** یەکێکی تر لە باشیەکانی guide و grid ئەوەیە کە دەسکاری ئەکرێن واتە edit کردنیان بۆئەمەبەستە ئەچین بۆ edit>preferences>guides & grids

لەبەشی guide دا ئەتوانین گۆڕان لەڕەنگ و ستایلی ئەو هێڵانەدا بکەین

وە لەبەشی grid دا بەهەمانشێوە ڕەنگ و ستایل دەسکاری بکەیت

*** دەتوانین ڕەنگیشوینی کارەکەمان بگۆڕین گەر ویستمان، ئەچین بۆ file>document setup پاشان ڕەنگێ هەڵدەبژێرین لە و چوارگۆشەیەی بەردەم grid size پاشان simulate colored paper دیاری ئەکەین و ok ئەکەین.

*** تائێستا ئەم بەرنامەیە لەبواری دروستکردنی texture و pattern و logo دا یەکەمین بەرنامەیە هەربۆیە گرینگی زۆردراوە بە guide &grids وە هیچ کەسێکی شارەزای بواری دیزاین بەم بەرنامەیە پەیجێکی نوێ ناکاتەوە بەبێ بەکارهێنانی ئەمانە.

## کێشان بە pen tool & pencil tool :



سوود لەم دوو ئامرازە وەردەگرین بۆکێشانی هەرشکڵێکی ویستراو جا ئیتر ئەو شکڵە portrait ی خۆمان بێت " واتە وێنەیەکی خۆمان دروست دەکەینەوە هەر وەک ئەوەی وێنە کێشێک دروستی کردبێت واتە وێنەیەکی فۆتۆگرافی ئەکەینە سکێچێکی کێشراوی ڤێکتەر کە دواتر باسی چونیەتی ئەم کردارە ئەکەین:

pencil tool / ئەتوانین لەناو بۆکسەکەدا کلیکی لەسەر بکەین یان لەسەر کیبۆرد n داگرین بۆ هێنانی ئەم ئامرازە، بەکارهێنانی هەروەک قەڵەمێک وایە بەدەستمانەوە لەسەر پەڕەیەکی سپی.

قەڵەمەکە لەوشوێنە دانێ کە دەتەوێ بیبێتە خاڵی دەسپێکردن وە کلیک بەرمەدەو ئەو شکڵەی ئەتەوێت دروستی کە،

ئەبینین لەکاتی دراگدا ڕێڕەوی کێشانەکە بەشێوەی خاڵی بچوکە تائەو کاتەی کە کلیک بەردەدەین هێڵەکەمان بۆ دەکێشرێت لەگەڵ چەند خاڵێک لەو ڕێڕەوە کێشراوەدا کەمانای وایە دەتوانین گۆڕانکاری لە هێڵە کێشراوەدا بکەین



بەهەریەک لەو خاڵانە ئەوترێ anchor point کە ئەتوانین دەستبگرین بەسەر ژمارەیاندا،

وە ئەتوانین ڕەنگی کێشانەکە لە stroke دا بگۆڕین وە لە stroke weight دا سومکەکەی دیاری ئەکەین:

*** وە بۆ گۆڕانکاری لەهێڵە کێشراوەکەدا بە lasso tool سلێکتی ئەکەین و دواتر بە سەهمە سپیەکە و ڕاکێشان لەخاڵەکانەوە گۆڕانی تیا ئەکەین:

erase tool : ئەم ئامرازە هەر لەبەشی قەڵەمدایە بەمجۆرە




کەبەهەریەکێک لە

وە بەکاردێت لە لابردنی ئەو بەشە نەویستراوانەی ئامرازەکانی کێسان کێشراون،

کلیک لەسەر ئەوشوێنە یان بەشە بکە کە ئەتەوێت لای بەریت وە دەست لەکلیک بەرمەدە هەتا



ئەوشوێنە دیاری بکە کەئەتەوێت لای بەری پاشان دەست لەکلیک بەردە بۆسرینەوەی،.

pen tool : پیتی p دائەگرین بۆ هێنانی ئەم ئامرازە وە ئەم ئامرازە بە دوو جۆر بەکاردێت

جۆرییەکەم ئەوەیە کە کلیک لەخاڵێک دەکەین وەلە خاڵێکیتر کلیک ئەکەین تاخاڵی یەکەمی پێ بگەیێنێت و بەوجۆرە ... تا شێوەکەمان دەکێشین،

ئەم جۆرە کێشانە شێوەی سووچی واتە corner shape مان بۆ دروستدەکات

جۆری دووەم ئەوەیە کە بەشێوەی هێڵی قەوس شکڵەکە دەکێشێ واتە کلیک لەشوێنێک ئەکەین پاشان لەشوێنێکی تر کلیک ئەکەین بەڵام دەست لەکلیک بەرنا دەین بەدراگ دەست ئەجوڵێنین و پاشان هەر بەوجۆرە لەخاڵێکیتردا :







*** هەبوونی خاڵ لەرێرەوێکی کێشراودا مانای گۆڕانکاری ئەگەیێنێت واتە تا خاڵەکانی رێرەوێکی کێشراو زیاتر بێت دەتوانین گۆڕانکاری زیاتر بکەین لەو رێرەوەدا

بۆ زیاد کردنی خاڵ بۆ سەر شکڵێکی کێشراو ئەم ئامرازە بەکاردێنین کە هەر لەبەشی pen tool دایە

هەروەک لە وێنەی دووەمی سەرەوەدا دیارە کە لەهەرشوێنێکی شکڵە سلێکت کراوەکە کلیک بکەین ئەوا خاڵێکی بۆ زیاد ئەبێت.

یان گەر ویستمان ژمارەی خاڵەکان دووهێندە بکەین ئەچین بۆ object>path>add anchor points .

وە بە هەمان شێوە بۆ کەم کردنەوەی خاڵ ئەم ئامرازە بەکاردێت.

***لەپاش کێشانی هەرشکڵێک ئەتوانین شێوەی خاڵەکەنی ئەو شکڵە بگۆڕین واتە شکڵێکی چوار لا بکەینە شکڵێکی هێلکەی یان جیاواز بە هۆی بەکار هێنانی ئەم ئامرازەوە کەهەر لەبەشی pen tool دایە



paint brush tool : ئەم ئامرازە بریتیە لەجوانترین ئامرازی کێشانی ئازادی ناو پرۆگرامەکە،دەتوانین بەهەر چەشنێ بمانەوێ بیگۆڕین یان خۆمان دروستیبکەین کە پێی ئەوتێت pattern.

بۆ بەکار هێنانی ئەم ئامرازە لەسەر کیبۆرد b دائەگرین یاخود کلیک ئەکەین لەسەر ئایکۆنی خۆی لە بۆکسی ئامرازەکاندا

پاشان لەهەر شوێنێکی سەرشاشەکە ئەتوانین بەکرداری دراگ"واتە کلیک بکەین و دەست لەکلیک بەرنەدەین پاشان دەست بجوڵێنین " شکڵی جیاواز دروست بکین،

وە ئەتوانین جۆرەکەی بگۆڕین بە کلیک کردن لەیەکێک لە ئامادەکراواەی ناو بۆکسەکەی بەم جۆ رە:




وەگەر ویستمان ڕەنگی کێشانی هێڵەکان بگۆڕین ئەوا ئەبێت تەنیا ڕەنگی stroke بگۆڕین واتە هیچ fill ێکی نەبێت،

بریتین لە فڵچە ئامادە کراوەکانی

ناو بەرنامەکە



گەر دوو کلیک بکەین لەسەر هەریەکێک لە فڵچە ئامادەکراوانە ئەوا بۆکسی تایبەتمەندیی بۆ دەکرێتەوە

کەجیاوازە بەپێی جۆرەکانیان وادەتوانین گۆڕانکاریاکانی وەک هەڵگەڕاندنەوە یان گۆڕینی strokeەکانیان ئەمجام بدەین.

*** ئەتوانین فڵچەی ئامادەکراوی تری ناو بەر نامەکە بهێنین و سوودیان

لێ وەرگرین بۆ ئەوە مەبەستە ئەچین بۆ window>brush library

کەچەندین شێوەی زەخرەفی جوانی تێدایە ئەتوانین یەکە یەکە بەکاریان بهێنین لە کێشانی شێوەی جواندا.






*** لەم بەرنامەیەدا ئێمە ئەتوانین بەپێی تایبەتمەندی خۆمان فڵچە دروست بکەین تا لە کێشانی جیاوازدا بەکاری بهێنین،وە ئەتوانین هەرشتێک کە درووستی ئەکەین بیگۆڕین بۆ فڵچەی کێشان تانانەت ئەتوانین text یش بکەینە brush یکی نمونەیی و دواتر گۆڕانکاری جوانی بدەینێ هەروەک لەو وێنەیەدا دیارە؛







بۆ دروستکردنی فڵچەیەکی نموونەیی ئەچین بەیەکێک لە ئامرازەکانی کێشان ئەو شکڵە دروست ئەکەین کە ئەمانەوێ

بۆ نم ئەچین ئەستێرەیەک ئەکێشین وە گەر بمانەوێت ڕەنگێک بۆ fill ە کەشی دائەنێین، دواتر قەبارەکەی

بچووک ئەکەینەوە "بۆ ئەوای بگونجێت کە وەک فڵچەیەک بەکاری بهێنین"، دواتر ئەو ئەستێرە کێشراوە بەکرداری

دراگ و دڕۆپ ئە یبەینە ناو بۆکسی فڵچە ئامادەکراوەکان و بۆکسێکی بچوک دێتە پێش بەم جۆرە: ئەتوانین هەڵبژاردنی یەکەم یان سێیەم دەسنیشان بکەین




چونکە دووەم ئختیار بۆ ئەم کارە گونجاو نیە

لەپاشان ok دەکەین و دواتریش بۆکسێکی تر دێت

کە ok دەکەین

ئێستا توانیمان کە فڵچەیەکی نموونەیی و تایبەت بە خۆمان دروست بکەین،

بۆ بەکار هێنان ئە چین پیتی b لەسەر کیبۆرد دائەگرین و

پاشان ئەتوانین وەک فڵچەیەکی ئاسایی تر بەکاری بهێنین

لەدروسکردنی شێوەی ویستراودا

هەر وەک لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە:






تێ: گەر لەکاتی کێشاندا بەفڵچەکە بەم جۆرەی لێ
هاتبوو ئەو ماناى وایە fill ڕەنگێکی هەیە

بۆ چونەوە باری ئاسای ئەبێت ڕەنگی fill

بکەین بە none هەر بەو جۆرەی کە دیارە:





سەرنج : ئەتوانین هەریەک لە فڵچە ئامادەکراوەکانی ناو بەرنامەکە و ئەوانەشی کەخۆمان دروستمان کردوون

"هەروەک لەسەرەوە باسمان کرد" بەکاربێنین لە ئامرازەکانی تری کێشاندا واتە بۆگۆڕینی شێوەکانیان بە و فڵچە دیاری کراوە:

بۆ ئەوەی باشتر ڕوون بێتەوە ئەچین بەیەکێک لە ئامرازەکانی کێشان ئەوەی ئەمانەوێت دروستی ئەکەین یان ئەیکێشین

وە stroke هەر ڕەنگێکی هەبێت گرنگ نیە بەڵام ئەبێت یان جوانتر وایە کە fill ی نە بێت واتە none پاشان گەر نرخی stroke weight کەمتر بێت باشترە واتە 1 بێت یان کەمتر

دواتر ئەچین کلیکێک ئەکەین لەسەر ئەو فڵچەیە ی کەئەمانەوێت

دواتر شێوەکەی دەگۆڕێت بەو جۆرە هەر وەک لە خوارەوە دیارەکە چۆن لەو وێنە سادانەدا بەکارمان هێناوە:



**** کردارێکی زۆر گرنگەو ئەتوانین بەهۆیەوە بە سەدان texture ی جۆراو جۆر دروست بکەین و دواتر بەفۆڕماتێکی گونجاو سەیڤی بکەین و لەپڕۆگرامە 3d یەکانی وەک Maya، Vue یان 3d max دا لێی سوود مەند ببین.

Symbolism : بریتین لە و ڕەمزە حازرو ئامادەکراوانەی بەرنامەکە بۆ چەندین بابەتی جیاواز و جۆراوجۆر بۆ نم.

چەند ڕەمزێک واتە(symbol) ێک لەسەر سروشت یان گیانداران،،هتد واتە بەرنامەکە ئامادەیکردوون وەک ئاسانکاریەک بۆ یوزەر، وە ئێمە ئەتوانین بەهەرجۆرێک بمانەوێت بەکاریان بێنین وە گۆڕانکاریان تیادابکەین و وە خۆشمان ئەتوانین دروستیان بکەین.

بۆکسی ڕەمزەکان ئەکەوێتە بۆکسەکانی لای ڕاستی بەرنامەکە وەبۆ دەرکەوتنیان ئەچین بۆ window>symbols

بەم جۆرە:




بۆ هێنانی هەر ڕەمزێک بۆ ناو ستەیجی بەرنامەکە

ئەوا سوود لەکرداری دراگ و درۆپ وەرئەگرین بۆ هێنانیان،

وەلە پاش هێنانی هەر ڕەمزێک ئەتوانین بەهۆی

ئەو چوارگۆشەیەی دەوریەوە سایزەکەی بگۆڕین

واتە بەهۆی (bounding box) ە وە

وە بۆ دیتنی ڕەمزەکانی تر ئەچین بۆ window>symbol libraries کە چەندین

سێتی ئامادەکراوی جوانی تیایە بە کلیک کردنی هەر بەشێک ئەوا دێتە نێو بەرنامەکەوە

ئەتوانین بە دوو کلیک کردن لەسەر هەریەکێکیان بیان خەینە ناو بۆکسە سەرەکیەکەیانەوە:




سەرنج / بۆ دەسکاریکردنی یان گۆڕانکاری لەم ڕەمزانەدا

ئەوا ئەبێت کلیکی ئەم ئایکۆنە نچوکە بکەین

کە ئەکەوێتە بەشی خوارەوەی بۆکسەکە و

پاشان ئەتوانین دەسکاری ڕەنگەکەی یان شێوەکەی بگۆڕین

یان کاریگەریەکانی (effects) پێبدەین.

symbol sprayer tool : ئەم ئامرازە تایبەتە بە ڕەمزەکان واتە کاری تەنها لەسەر ڕەمزەکانە و لەپاش دراگ کردنی هەر ڕەمزێک بۆ ناو ستەیج ئەتوانین لەسەر کیبۆرد SHIFT+S داگرین یان کلیک بکەین

لەسەرئایکۆنی ئامرازەکە لەناو بۆکسی ئامرازەکان،

پاشان وێنەی ماوسەکە ئەبێتە بازنەیەک و بەکلیک کردن لەسەری ئەبێتە هۆی دووبارە کردنەوەی

ئەو ڕەمزە لە و شوێنەدا یان گەر کلیک بکەین و دەستمان لەسەر کلیک بەرنەدەین وەدەستمان بجولێنین

بەهەر ئاڕاستەیەک ئەوا بە و ئاڕاستەیە ئەو ڕەمزەمان بۆ دوبارە ئەکاتەوە لەسەر ڕێڕەوی

جولانەکە بەم جۆرە:



ئەم ئامرازە چەند بەشێکی تری

لەگەڵدایە کە هەر یەکەیان کاری جیاواز ئەکەن لەسەر

ڕەمزەکان ،بۆ دیتنی بەشەکانی تر کلیک لەسەر ئەم ئامرازە بکەو

دەست لە کلیک لا مەبە تا بەشەکانی تریش دەربکەوێت: بەم جۆرە:



لەلای چەپەوە دووەم ئامراز بەکاردێ بۆ جولاندنی

ڕەمزەکان بەهەر لایەکدا



چوارەم ئامراز بەکاردێ لە گەورەکردنی ڕەمزەکەدا

بە چەند جار کلیک کردن لەسەری ،یان گەر کلیکی لەسەر بکەین و کلیک بەرنەدەین تا بەشێوەیەکی بەرچاو



گەورەببێت.

هەرچی پێنجەم ئامرا زیشە بەکاردێت لە گۆڕینی ئاڕاستەی ڕەمزەکاندا.

شەشەم ئامراز بەکاردێ لەگۆڕینی ڕەنگی ڕەمزەکاندھا بەشێوەیاکی جوان،



لەپاش هێنانی ڕەمزەکە ئەچین ڕەنگێکی بۆ بۆهەڵدەبژێرین و پاشان بەم ئامرازەوە کلیک لەسەر

ڕەمزەکە دەکەین هەروەک لەوێنەکەی خوارەوەدا دیارە:

وە ئامرازی کۆتایش بەکاردێ لە کاڵ کردنەوەی

ڕەنگی ئەو ڕەمزەدا.

تێ / ئەتوانین خۆمان لەبەرنامەکە بەئامرازەکانی کێشان شێوەو

شێوەی جیاواز دروست بکەین و پاشان قەبارەکەی بچوک بکەینەوەو

بەکرداری دراگ و دڕۆپ بیخەینە ناو بۆکسی ڕەمزەکانەوە

بۆ ئەوەی ببێتە

ڕەمزێکی نوێ.



**بێجگە لە ڕەمزە ئامادەکراوەکانی بەرنامەکە ئەتوانین لەو سیدیەی کەبەرنامەکەی تێدایە بچین سێت ڕەمزی تر بهێنین واتە کۆپیان بکەین و لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا (program files>Adobe>adobe ill.>presets>symbols) پەیستیان بکەین.

گۆڕانکاری(transformation) : بریتیە لەکردارەکانی گۆڕێنی قەبارە و شێوەی شکڵە کێشراوەکان،

یان گۆڕینی گۆشەی کێشان بەهۆی ئامرازەکانی گۆڕانەوە کەئەکەونە ناو بۆکسی ئامرازەکان کەبریتین



لە شەش ئامرازی سەرەکی و یەک یەک باسیان دەکەین:

*** پێش باسکردنی ئامرازەکانی گۆڕانکاریئەوە گرنگە کە

خاڵی بنەڕەت بۆ ئەو تەنە دیاریبکەیت(مەبەستمان ئەو خاڵەیە کە تەنەکە بەدەوریدا بسوڕێتەوە

یان بە گۆشەیەک بیجوڵێنین بەدەوریدا)، لەباری ئاسایدا ئەم خاڵە ئەکەوێتە ناوەندی ئەوتەنەوە



بۆ نم.گەر بمانەوێ چوارگۆشەیەک بسوڕێنین بەهۆی rotate وە دەبینین دواى بەکارهێنانی ئەم ئامرازە چوارگۆشەکە بەدەوری خاڵی ناوەڕاستدا بەهەر لایەکدا دەسوڕێت،

وەئێمە ئەتوانین شوێنی ئەم خاڵە بگۆڕین بۆهەرشووێنێکی تر لە ستەیجی بەرنامەکەدا

بۆ ئەوەی کردارەکانی گۆڕان بەدەوری ئەو خاڵەدا جێبەجێبن.

هەروەک لەوێنەکەدا دیارە کە شوێنی ئەو خاڵەمان

گۆڕیوە بەهۆی rotete tool وە و

دواتر بەدەوری خاڵەکەدا جولاوە:



30

rotate tool : ئەم ئامرازە بەکاردێ لە سوڕانەوەی تەنێک بەدەوری ئەو خاڵە جێگیرەدا کەپاش کێشانی شکڵەکەو هەڵبژاردنی ئەم ئامرازە دروستدەبێت،

پاشان ئەتوانین بەکلیک کردن و دراگ ئەو تەنە بەدەوری ئەو خاڵەدا بسوڕێنینەوە .

تێ / گەر پاش دیاریکردنی rotate tool کلیلی alt دابگرین و لەسەر خاڵی بنەرەت کلیک بکەین ئەوا




بۆکسێک دێتە پێش، کە لە بۆشاییەکەدا ئەتوانین نرخی گۆشیی سوڕانەوە دیاری بکەین بۆ نم.90 پاشان ok دەکەین گەر ویستمان تەنەکە

بەو گۆشەیە بسوڕێنێت، یان لە جیاتی

ok ئەچین کلیک لە copy ئەدەین

ئەوکات ئەبێتە دووشکڵ

کەشکڵی دووەم بەپێی نرخی گۆشەکە

دا ئەنێتەوە بەم جۆرە:



reflect tool : ئەم کردارە بۆ هەڵگەرانەوەی شکڵێک یان دانانەوەی بەکاردێت لەبەرامبەر خۆیدا ، هەرشکڵێ دروست بکە کەئەتەوێ پاشان کلیک لام ئامرازە بکە و خاڵەکە بخە ئەو شوێنەی کە ئەتەوێت دواتر بەکلیک کردن و دەست جولان واتە کاتێک کلیکت داگرتوە دەست بجولێنە لەهەرشوێنێک پاشان پێش ئەوەی دەست لە کلیک بەردەین لەسەر کیبۆرد alt دادەگرین بۆ ئەوەی لە بەرامبەریدا دایبنێتەوە بەم جۆرە:



scale tool : ئەم ئامرازە بەشێوەیەکی سادە و خێرا بەکاردێت لەگۆڕینی سایز و هەڵگەڕاندنەوەی شکلە کێشراوەکاندا وەدەتوانین لەکاتی بەکارهێنانی ئەم ئامرازەشدا سوود لە کرداری کۆپی وەرگرین بۆهۆی داگرتنی کلیلی alt ەوە پێش دەست بەردان لە کلیک .



یان لەپاش جێبەجێکردنی ئەم کارە ئەتوانین بچین بۆ object>transform>transform again یان لەسەر کیبۆرد CTRL+D دائەگرین بۆ دوبارە کردنەوەی کرداری کۆپیکردنەکە

چەند جار دەست لەسەر ئەو کلیلانە دابگری ئەوندە جار شکڵەکەمان بۆ دوبارە دەکاتەوە.



هەر وەک ئەم وێنەیە : کەلە کاتە جیاوازەکانی scale دا

سوودمان بینیوە لە alt بۆ کۆپیکردن وە دواترو دواتر..

تاشێوەکەی بەوجۆرەی لێ هاتوە.

shear tool : ئەم ئامرازە بەکاردێت بۆ گۆڕینی ئاستی بینینی شکڵەکان بۆ نم.گۆڕینی لاکێشەیەک بۆ لاتەریب،

یان ئەتوانین بەسوود بینین لە کۆپی کردن

شکڵی جیاواز وەک ئیفێکت پێکبهێنین هەر وەک لە م دوو وێنەدا:





کاتێک کە ئەم ئامرازەمان بەکارهێناوە لە شێوازە جیا جیا کان دا بەهۆی alt وەوە

کۆپیمان کردووە.

reshape tool : ئەم ئامرازە بەکاردێت لە گۆڕانکاری لە هێڵی کێشراو دا بەکلیک کردن لەسەر ئەو شوێنەی هێڵەکە خاڵ زیاد دەبێت وە دواتر دەتوانین بە دراگ لە خاڵەکانەوە بەهۆی ئەم ئامرازەوە گۆڕانکاری لەو خاڵانەدا بکەین،

هەر وەک لەوێنەکان دا دیارە:



free transform tool : ئەم ئامرازە بەکاردێ لە گۆڕینی لای شکڵەکان هەر وەک لەم وێنەدا جوانتر دیارە:

لەپاش کێشانی شکڵەکە لەسەر کیبۆرد پیتی e مان داگرتووە پاشان لەیەکێ لەو خاڵانەوە بەکرداری دراگ واتە ڕاکێشان، پاشان لەهەمان کاتدا لەسەر کیبۆرد کلیلەکانی CTRL+SHIFT+ALT مان داگرتووە، وەلەو کاتەدا گەر دەستمان بۆ خوارەوە بجوڵێنین ئەوا ئەولایە distort دەبێ واتە بچوک دەبێتەوە بەرەو ئەو لایە.



Distorting in perspective



*** لە ناوئەم بەرنامەیەدا هەر دوو تەوەری x & y ئەستوونن لەسەر یەکتر لەباری ئاساییدا هەرواک لەم وێنەدا دیارە:




واتە هەرشکڵێ بکێشین align دەبێت لەسەر ئەم دوو

تەوەرەیە وەک لەوێنەی یەکەم دا دیارە،

وەئەتوانین بەهەر گۆشەیەک بمانەوێ بیگۆڕین وە پاشان هەر بەشێک بکێشین بەپێی گۆشەی تەوەرەکە ئەوەستێت

لەستەیجی بەرنامەکەدا،

لەسەر کیبۆرد کلیلەکانی CTRL+K دائەگرین

پاشان بۆ کسی تایبەتمەندی بەرنامەکە دێتە پێش و ئەتوانین




لە بەشی constrain angle دا نرخی گۆشەکە دانێین بۆ نم.60

پاشان ئەچین لە بەرنامەکە هەر شتێک بکێشین لەگەڵ ئەو گۆشەدا align دەبێت

بۆ چونە وە باری ئاسای

نرخی گۆشەکە ئەکەینەوە بە 0.



**locking objects / لە بەرنامەیە بە دوو ڕێگە ئەتوانین وێنە یان بەشێک قفڵ واتە lock بکەین،

کە ئەمەش هەندێ جار بەکاردێ بۆ ئەوەی بەشەکان تێکەڵاو نەبن لەکارێکی ئاڵۆزدا واتە

کاتێک ئەو بەشە لۆک دەکرێ ناتوانین دەسکاری بکەین وە هیچ کردارێکی بەرنامەکەی بەسەردا جێبەجێ

نابێت:

** ئەوبەشە سەلێکت دەکەین کەئەمانەوێ لۆکی بکەین پاشان ئەچین بۆ object>lock>selection

وەگەر بمانەوێت ئەو بەشە نەبینرێ object>hide>selection

بۆچونەوە باری ئاسایی unlock all یان show all

** ڕێگەی دووەم ئەوەیە کەپێش ئەوەی ئەو بەشە بکێشین ئەچین لە بۆکسی layer




لەیەرێکی نوێی بۆدروست دەکەین بەکلیک کردن لە create new layer بەم جۆرە:

پاشان ئەتوانین ناوی ئەو لەیەرە بگۆڕین بەدوو

کلیک کردن لەسەری وە ئەتوانین

ڕەنگەکەشی بگۆڕین،

دوایی ئەچین ئەو لەیەرە نوێیە سلێکت ئەکەین وە ئەو بەشە یان شکڵە ئەکێشین

کەئەمانەوێ تایبەتبێت بەو لەیەرە نوێیەوە

بەم جۆرە:






وەگەر بمانەوێت شکڵەکە لۆک بکەین

ئەچین کلیکێک ئەکەین لەو

چوارگۆشەیەی بەردەم ئە و چاوە

وە بۆ شاردنەوەی کلیک لەسەر ئایکۆنی ئەو چاوە ئەکەین.

تێ / لەزۆربەی یان هەموو بەرنامەکانی دیزاین دا بۆکسی layer هەیە وە دەتوانین بۆ ئاسانکاری کارەکانمان بەکاری بهێنین واتە کاتێک لەیەرێکی نوێ بۆ بەشێک لەوێنەیەک دروست بکەین ئەو بەشە تایبەت ئەبێت بەو لەیەرەوە وە هەر کردارێک بکەین لەسەر ئەو بەشەی کە تایبەتە بە لەیەرەکەوە ئەوا لەناویدا تۆمار ئەبێت وە ئەتوانین هەموو ئەوکردارانە ببینین کە لەسەر ئەو بەشە کراوە بەکلیک کردن لەو سێگۆشە بچوکە




وە بە کلیک کردن لەو بازنە بچوکانە ئەبێتە هۆی سەلێکت کردنی تەواوی ئە بەشەی یان بەشانەی کەتایبەتن بە و لەیەرە

وە گەر بمانەوێت هەر لەیەرێک بسرینەوە ئاوا ئەچین بە دراگ ئەو لەیەرە ئەبەینە ناو ئە و ئایکۆنی تەنەکەی خۆڵەوە پاشان هەر باشێکی ناو لەیەرەکەش لە گەڵیدا ئەسرێتەوە:









ڕەنگەکان (color) : لەم پڕۆگرامەدا ڕەنگ و بەکارهێنانی ڕەنگ مەودایەکی فراوانی هەیە، دەتوانین بەچەندین کرداری جیاواز گۆڕانکاری لەڕەنگ و کاریگەری ڕەنگدا بکەین،

هەروەک دەزانین کە ڕەنگ یەکێکە لە element ە سەرەکیەکانی دیزاین وە دەتوانین هەر بەڕەنگ چەندین کاریگەری جیاواز دەربخەین لە وێنەکانماندا لەوانە کاریگەری سێدووری 3d یان شێوەی بریقە لە ڕوی تەنێکدا بەتێکەڵاو کردنی دوڕەنگی جیاواز یان هەر لەیەک ڕەنگدا بە گۆڕینی پلەی تۆنی ڕەنگەکە




بۆکسی ڕەنگەکان ئەکەوێتە سەرەوەی بۆکسەکانی لای ڕاستی بەرنامەکە

دەتوانین F6 داگرین بۆ دەرکەوتن یان شاردنەوەی بەم جۆرە:

وەبۆ دەرکەوتنی تەواوی بۆکسەکە واتە دەرکەوتنی

سیستەمی ڕەنگ و سلایدەرەکانی کلیک لەو شوێنە ئەکەین کە سەهمە ڕەشی

ماوسەکەی لەسەرە هەروەک لەوێنەکەدا دیارە،




وە گەر کلیک بکەین لەو سێگۆشە بچوکە

ئەوا لیستێک ئەکرێتەوە تیایدا ئەتوانین

سیستەمی ڕەنگەکان دیاری بکەین بە CMYK یان RGB

کە پێشتر باسمان کرد..

وەدەتوانین ئەو سلایدەرانە بجوڵێنین بۆ گۆڕینی بەشێک لە سیستمی ڕەنگەکە

بۆ نم لەو وێنایەدا بریتیە لە RGB واتە سوور،سەوز،شین

کەواتە گەر سلایدەری G بجوڵێنین ئەوا لەکاریگەری سەوز زیادو کەم ئەکەین

وە بەو جۆرە.. یان گەر ویستمان ئەتوانین بەشێوەیەکی وورد گۆڕانکاری بکەین لە ڕەنگەکاندا بەنوسینی ژمارە لە خانانەی بەردەم سلایدەرەکان.




وه ئەودوو چوارگۆشه یەی پشت سلایدەرەکان بریتیا لە رەنگی fill & stroke کەپێشتر باسمانکرد

چوارگۆشەی سەرەوە بریتیە لە stroke ئەوی دیش fill ە، پێش ئەوەی دەست بکەیت بەهەڵبژاردنی رەنگ بۆ تەنێک

دەبێت بزانین کە رەنگی کام لەودووانە ئەگۆڕین پاشان رەنگەکەی بگۆڕین.

**** ئەتوانین لەجیاتی ئەو رەنگانەی کەلەبەشی swaches دایە خۆمان شێوەی تایبەتی دروست بکەین و

ئەو شێوە یە وەک رەنگ بدەین بەو تەنانە،واتە سواچێکی نوێ و جیاواز دروست بکەین،

بۆ ئەو مەبەستە ئەچین ئەو شکڵەی کە ئەمانەوێت دروستی دەکەین بەئامرازەکانی کێشان






پاشان قەبارەکەی بچووک ئەکەینەوە بۆگونجاندنی

دواتر بۆ ئەچین edit>define pattern…

پاشان لە و بۆکسادا ناوێکی بۆ دائەنێین و ok ئەکەین،

بەمجۆرە ئەچێتە ناو بۆکسی سواچەکانەوەو ئەتوانین وەک رەنگێک بەکاری بێنین لەهەر تەنێکدا




گەر کلیک بکەین لەو سێگۆشە بچوکەی سواچەکان ئەوا لیستێک ئەکرێتەوە

بەم جۆرە،ئەوەی گرنگ بێت بریتیە لە

کەچەند سواچێکی ئامادەکراوی تێدایە لە

رەنگە کاڵ و مامناوەند و تاریکەکاندا،

وەئەتوانین پاش دروسکردنی سواچی نوێ سەیڤیان بکاین ئەویش

بە هەڵبژاردنی save swach library

بۆدیتنی هەموو سواچەکان بەشێوەی

گەورە

لەم وێنەیەدا زیاتر کاریگەری swach دیارە وەک effect ێکی جوان بەکاردێن لە بەشەکاندا:




*** ئەم کردارەش ڕێگەیەکی ترەکە لەدووستکردنی texture دا سوودی لێ دەبینی

هەروەک لەبەشی پێشوتریشدا باسمان کرد لە brush دا،

واتە لە پاش سەیڤکردنیان بە فۆرماتی گونجاو ئەتوانین لە هەر کردارێکی دیزایندا لێیان سودمەند دەبین،

یان لە دروسکردنی logo,baner,image frame,covering

تێ / ئەتوانین لە کاڵ کردنەوەی ڕەنگێکی دیاریکراودا سوود لە کاریگەری(effect) saturete وەرگرهین

کە ئەچین بۆ Filter>colors>saturate کە بۆکسێک ئەکرێتەوە گەر preview داگرین ئەوا بەجوڵانی ئەو سلایدەرانە

بۆلای چەپ ڕەنگەکە کاڵ دەبێتەوە وەبە پێچەوانەوە

یان گەر بچین بۆ filter>color>adjust color بۆکسێک ئەکرێتەوەو ئەتوانین سوودی لێوەرگرین

لەگۆڕانکاری ڕەنگەکاندا .




Gradient : بریتیە لەڕەنگێکی تێکەڵ یان لەهەمان ڕەنگدا

لەکاڵەوە بۆتۆخ یان بەپێچەوانەوە،

لەسەر کیبۆرد CTRL+F9 داگرە بۆ دیتنی بۆکسەکەی کەئەکەوێتە

خوار بۆکسی swaches بەم جۆرە

ڕەنگەکەی لەباری ئاسایدا لە ڕەش و سپی پێکهاتوە

وەگەر کلیک بکەین لەوسێ گۆشە بچوکە

ئەوا بۆکسەکەی

بەتەواوەتی ئەکرێتەوە

بەم جۆرە،




ئاسایی لەپاش کێشانی

هەرشکڵێک بەکلیک کردن

لە چوارگۆشەی gradient ەکە

یان هێڵەکەی خواریەوە ئەوا ئەو شکڵە ئەو جۆرە گرەیدیێنتە وەرئەگرێت.

وە دوو جۆر گرەیدیێنت هەیە linear & radial کەئەتوانین لەبەشی type دا دیاریان بکەین.

radial زیاتر وەک ئیفێکتێکی 3d وایە دەتوانین کاریگەری جۆراوجۆر بدەین بەشکڵەکان وەک دروستکردنی بازنەیەکی هاوچەق یان هەر ئیفێکتێکی halo یی تر ،

کە لەپاش پێدانی radial gradient ەکە وە بەسوود وەرگرتن لەو سلایدەرانە ئەتوانین بەهەر جۆرێک

بمانەوێ بیدەین بە شکڵەکان،



بوونی ئەو سلایدەرانە مانای گۆڕانکاری دەگەیەنێ بۆنم.بەجوڵانی یەکەم سلایدەری لای چەپ بۆلای ڕاست ئەبێتەهۆی دروستکردنی شێوەیە کی بازنەیی

وە جوڵاندنی ئەوەی سەرەوەش بۆ زیادکردن یان کەمکردنی ئەو ئیفێکتەیە




هەر وەک لەوێنەکەدا

باشتر دیارە، کەبۆتە دروسکردنی بازنەیەکی سپی لە سەنتەردا چونکە لە بەشی سپییە وە جولێنراوە بۆ بەشی ڕەش،

وە لەجوڵانی سلایدەری لای ڕاستدا

کاریگەریەکە پێچەوانە دەبێتەوە.

وە ئەتوانین ژمارەی سلایدەرەکان زیاد بکەین




بۆ گۆڕانکاری و زیاد کردنی ئیفێکتەکە

وە ئەتوانین هەر ڕەنگێکی ترمان بوێت لە بۆکسی

swatch ەوە بەکرداری

دراگ و درۆپ بی

خەینە بەینی

سلایدەرەکان،

لەم وێنەدا بەهۆی

بەکارهێنانی

سلایدەری زۆرەوە

ئیفێکتەکە یان

گررەیدیێنتەکە بەو

جۆرەی لێهاتوە

وە ئەتوانین بەهۆی

دوو ڕەنگی

جیاوازیشەوە

کاریگەری جوان

بدەینە شکڵی مەبەست،





** جۆری دووەمی gradient بریتیە لە linear واتە بەپێی گۆشەی دیاری کراو لە angle دا

بەشێوەیەکی تەخت واتە فلات ئەدرێتە شکڵەکان،

لەدوای دیاری کردنی ئەو ڕەنگانەی ئەتەوێت وەبەاکارهێنانی لەسەر شکڵەکە

پیتی G لەسەر کیبۆرد دائەگرین و لەخاڵێکی سەر شکڵەکە
یان دەرەوەی شکڵەکە کلیک ئەکەین و دەست لە کلیک
بەرنادەین پاشان دەست دەجولێنی بو شوێنی ویستراوو دواتر
دەست لە کلیک هەڵدەگرین

یان ئەتوانی لە angle دا گۆشەکە بنوسی بۆ نم.45 پاشان
tab لەسەر کیبۆرد داگری،

ئەم کردارە بۆ گۆڕینی شوێنی ڕەنگی گرادیێنتەکە

بەکاردێ لەلایەک بۆ لایەکی دی.





mesh tool : بریتیە لە ئامرازێکی ناو بۆکسی ئامرازەکان کەبەکاردێ کە کردارێکی

گرنگی بەرنامەکەدا کەبریتی یە لە دەسکاری کردنی ڕەنگ بەشێوەیەکی وورد کەئەتوانین شێوەی ڕاستەقینەی ڕووەکەی پێ دەربخەین واتە هەر وەک شکڵێکی 3d دەربکەوێت،یان لەگۆڕینی ڕەنگی هەرشوێنێک یان هەر خاڵێک لەبەشێکی دیاری کراودا.

بۆ زیاتر ڕوون کردنەوەی کاری ئەم ئامرازە لەم وێنەیە بنوارە:

کەگەر سەیری پێکهاتنەکەی واتە (path) ەکانی بکەین دەبینین کەلە

هەربەشێکی وێنەکەدا ئەم ئامرازەبەکارهێنراوە لە گەڵاو پەڕە کانی ئەو گوڵەدا بەشێوەیەکی وررد:



بۆ بەکارهێنانی ئەم کرداره ئەچین ئەو شکڵە یان بەشە دروست ئەکەین کە ئەمانەوێ بەهەڕەنگێ،




پاشان ئەچین بۆ object>create gradient mesh پاش کلیک کردن ئەم بۆکسەمان بۆدێتە پێش:

/rows بریتیە لە ژمارەی هێڵە ئاسۆیەکان،بەپێی پێویستی کارەکەمان زیادو کەمی دەکەین.

/columns بریتیە لە ژمارەی ستوونەکان ئەتوانین ژمارەکانی بگۆرین وە tab داگرین بۆ بینینیان گەر previewدیاری کرابێ.

/appearance لێرە دەتوانین جۆری روکارەکەی دیاری بکەین

بۆشێوەی تەخت flat دیاریدەکەین,

بۆ کاڵبوونەوەی رەنگی سەرەکی لەناوە راستەوە to center دیاری دەکەین،وە to edge پێچەوانەی ئەمەیە.

وەلە بەشی highlight دارێژەی گۆرانی رەنگەکە دیاری دەکەین و پاشان ok دەکەین.




دواتر کلیک دەکەین لەئامرازەکە لەناو بۆکسی ئامرازەکاندا

یان لەسەر کیبۆرد پیتیU داده‌گرین

نیشانەی ماوسەکە ئەگۆرێو دەتوانین گۆرانکاری بکەین بە هەرجۆرێک

ئەتوانین بەراکێشان لەهەریەک لەو خالأنەوە روی دەرکەوتنی وێنەکە لەو خاڵەدا بگۆرین واتە دوای سلێکت کردنی خاڵەکەو راکێشانی بەهەر لایەکدا رەنگەکەی دەگۆرین بە بەکارهێنانی eye dropper یان بەهەڵبژاردنی هەررەنگێ بۆ ئەو خاڵە،وەبەکلیک کردن لەسەر هەر رێرەوێک ئەتوانین ژمارەی هێڵە ئاسۆیی و ستونیەکان بگۆرین بۆ گۆران کاری زیاتر.

**** ئەم کردارە سوودیشی لێ دەبینرێ لە دیزاینی بەرگ دا،




کە چوار گۆشەیەکمان دروست کردووە بە قەبارەی art board ەکە و دواتر ڕەنگێکمان

بۆ هەڵبژار دووە پاشان بە هەمان کرداری پێشو گۆڕانکاری تێدا ئەکەین.




*** بۆتێکەڵ کردنی دوو بەش یان دوو وێنەی کێشراو ،یان چەند کردارێکی تر سوود لە

کرداری pathfinder وەر ئەگرین

بۆنم. دوو شکڵ دەکێشین وە هەردوکیان سلێکت دەکەین

پاشان کلیکی ئایکۆنی یەکەم دەکەین لە بۆکسی pathfinder دا

وەدواتر بۆ ئەوەی ئەو دەوو شکڵە بەتەواوی ببنە یەک شکڵ کلیکی

expand ئەکەین, ئە ودوو بەشە جیاوازە ئەبنە یەک بەشی کێشراو








ئایکۆنی دووەم بەکاردێ لە لابردنی شکلێکیان بەو بەشەوە کە لەسەر

شکڵەکەی ترە هەر وەک لە وێنەی سەرە وە دا دیارە.

ئایکۆنی سێیەم بەکاردێ لە هێشتنەوەی یان

دەرهێنانی خاڵی یەکتربڕینی دووتەنەکە










ئایکۆنی چوارەم بەکاردێ لە دیاریکردنی شوێنی

یەکتربڕینی دوو تەنەکە داو گەر

expand بکەین ئەتوانین دواتر ئەوشوێنە

بە شێوەیەکی سەربەخۆ ڕەنگی بکەین

وەک لەخوارەوە دیارە:






ئایکۆنی پێنجەم لەناشی خوارەوە

هەر وەک لە وێنەی ئایکۆنەکەوە دیارە بەکاردێت لە پارچە پارچە کردنی (واتە جیاکردنەوەی) بەشە کانی وێنەیاکی




کێشراو

بەشێوازێکی

زۆر وورد

هەروەک

لەوێنەکەدا

باشتر دیارە

چووین ئەو وێنەیەمان سەلێکت کردووەو پاشان کلیکێکمان کردووە لە ئایکۆنەکە

وەدواتر بەم سەهمە کلیکێکمان لەشوێنێکی سەرشاشەکە کردوە بۆ ئەوەی deselect ببێت پاشان

بەکرداری دراگ هەر بەشێکمان ویستبێ لامان بردووە، ئەوەی گرنگبوون لەم بۆکسە دا ئەوانە بوون کەباسکران.

کرداری سەیڤکردن : یە کێک لەخاڵە بەهێزەکانی تری ئەم پرۆگرامە ئەوەیە کە (فرە هاوپەیوەندی دارە) واتە

ڕێگەمان دەدات بە هەڵگرتنی کارەکانمان بەنزیکەی 19 جۆر فۆرماتی جیاواز ،

وەئەم بەرنامەیە پەیوەندی بەهێزی هەیە لەگەڵ هەریەکە لە پرۆگرامە ڤێکتەرە کانیتردا

وەک flash,autocad,coral,max هتد واتە ئەتوانین فایلی ئەو بەرنامانە بێنینە

ناو ئەم پرۆگرامەو گۆڕانکاری تیابکەین وەبە پێچەوانەوە

پاش تەواو کردنی کارەکەمان ئەچین بۆ file>save یان لەسەر کیبۆرد CTRL+S دائەگرین

لە save as type دا ئەم جۆرە فۆرماتانەمان هەیە:

ai: بریتیە لە فایلێکی ئیلوسترەیتەر کە لەگەڵ هەریەک لەبەرنامەکانی فلاش و ماکس و کۆراڵ...بەرنامە هاوپەیوەندی دارەکانی تردا ئەکرێتەوە و دەسکاری ئەکرێت،یان هەرفایلێک بەم فۆرماتە هەڵبگرین ئە و فایلە وەک backup ێک وایە بۆ کارەکەمان وە دواتر یان هەرکاتێک ویستمان ئەتوانین بیکەینەوەو گۆڕانکاری تیابکەین وە هەر لەم فۆرماتە سەرەکیەوە ئەتوانین فۆرماتەکانی تریش دروست بکەین ،وە هەر بەرنامەیەک فۆرماتی تایبەت بەخۆی هەیە کەوەک شێوەی فایلێکی یەدەگ هەڵیگری بۆ نم. لەفۆتۆشۆپ فۆرماتی یەدەگی بەرنامەکە PSD یە

یان لە فلاش FLA یە هی ئەم بەرنامەیەش فۆرماتی AI یە.

PDF (portable document format) : بریتیە لە فۆرماتێکی تایبەتی ئەدۆبی کە بە acrobat reader نیشان دەدرێت

وەلە زۆر بەرنامە دا پشگیری لێدەکرێت بەتایبەت پرۆگرامەکانی تری ئەدۆبی،ئەم جۆرە فۆرماتە بەشێوەیەکی بلاو لە

پەرگەکانی ئینتەرنێتدا بەکاردێت چوونکە سایزەکەی زۆرکەمەو دیققەکەشی نەگۆڕە،

پاش تاواو کردنی کارەکەمان و هەڵبژاردنی ئەم فۆڕماتە بۆ کسی

گەورەی pdf ئەکرێتەوە کە ئەتوانین چەند کردارێکی گرنگی تیا ئەنجام بدەین:




لەبە شی compression پەستاوتن دا ئەتوانین دیققەو کوالیتی کارەکەمان وە جۆری پەستاوتن دیاری بکەین

jpeg فۆرماتێکی گونجاوی پاستاو تنە قەبارەی فایلەکە کەم دەکاتەوە بەبێ لەدەست دانی کوالیتیەکەی بۆیە لە هەموو خانەکانی compression ئەم جۆرە دیاری دەکەین،

وەلە خانەکانی image quality دا maximum دیاری دەکەین چوونکە گەر فایلەکەمان وێنەی فۆتۆ گرافی تیابێت ئاوا ئەم ئیختیارە زۆر باشە.

وەلە بەشی compression لەخوارەوە هیچ دیاری ناکەین واتە none

وە لەبەشی security دا ئەتوانین وشەی نهێنی واتە password بۆ فایلە pdf ە کەمان دابنێین

واناتوانین هیچ کاتێک فایلەکە بکەینەوە بەبێ نووسینی پاسوۆردەکەی




ئەچین لەو بۆشاییەدا

ووشەیەکی خواسترا ئەنوسین

پاشان لەخوارەوە لە save pdf

کلیک دەکەین و بۆکسێک دێتە

پێش کە داوای پاسوۆردەکە

دەکات

ئێماش هەمان پاسوۆردی

تیادەنوسین okدەکەین

بۆ هەڵگرتنی فایلەکەمان.

EPS : ئەمەش فۆرماتێکی ترە کە لەگەڵ زۆرێک لەبەرنامەکاندا دەکرێتەوە و دەسکاری دەکرێت،

زیاتر لە فۆتۆشۆپ ئەم فۆرماتە بەکاردێ و لە م بەرنامەیەش دا دەتوانین گۆڕانکاری لەم جۆرە فایلانەدا بکەین.

ait(adobe illustrator template) : بریتیە لە فایلی قاڵبی بەرنامەکە واتە پاش هەڵگرتن بەم

فۆرماتە وەک قاڵبێک لە adobe bridge دا مامەڵەی لەگەڵ دەکەین.

(scalable vector graphic) SVG : بریتیە لە فایلێک کەهەر وەک فۆرماتیswf ی فلاش وایە

ئەم جۆرە فایلە بە بەرنامەی adobe svg viewer ئەبینرێت کەئاسایی لەگەڵ دابەزینی بەرنامەکەدا وەک

plug-in یێ لەگەڵ internet explore دا دەمەجەزرێت وپاش سەیڤ کردن ئەتوانین فایلەکەمان لە ئینتەرنێت ئێکسپلۆورە

دا ببینینەوە،

ئەم فۆرماتە بەشێوەیەکی بەربلاو لە سایتەکانی ئینتەرنێتدا بەکاردێت چونکە قەبارەکەی زۆربچوکە،

ئەم وێنەیەی خوارەوە بریتیە لا فایلەکە لە ئینتەرنێت ئێکسپلورەدا کە بە شێوەی xml (extensible markup language )

ئینکۆد دەکرێت وە دەتوانرێ لەگەڵ HTML بەکاربێت ، بۆ بینینی کۆدەکەی کلیکی لای راست دەکەین و view source

هەڵدەبژێرین:




*** بۆ سەیف کردنی کارەکەمان بە فۆرماتەکانی تر دەچین بۆ file>export کە لە save as type دا

چەندین جۆری تری فۆرماتی تێدایە؛

DWG : بریتیە لەفۆرماتی بەرنامەی AutoCAD ئەتوانین بەم جۆرە فۆرماتە کارەکانمان هەڵگرین و دواتر لە ئەوتۆکادا بیانکاینەوە گۆڕانکاری بکەین یان بەپێچەوانەوە.

(bitmap image)BMP : بریتیە لە فۆرماتێکی ناو ویندۆز کە لەپاش کلیکی سەیف بۆکسێک دەکرێتەوە دەتوانین حەجمەکەی لە resolution دا دیاری بکەین بە ppi واتە point per inch کە screen واتە 72 ppi قەبارەکەی بچوکە high واتە 300 ppi قەبارەکەی گەورەیە, دەتوانین سایزەکەی گەورەتر یان بچوکتر بکەین بەنوسینی ڕێژەی ویستراو لە other دا بۆ نم. 600 یان هەر ڕێژەیەکی تر لەنێوان 72---2400

هەتا ppi گەورەبێت سایزی فایلەکە گەورە دەبێت،

پاشان بۆکسێکی تر دێتە پێش و bit24 دیاری ئەکەین و ok ئەکەین




EMF (enhanced meta file): فۆرماتێکی تری فایلە گرافیکیەکانی ناو ویندۆزە کە دیققەیەکی گونجاوی هەیە

لە سایزێکی زۆر بچوکدا

JPEG (joint photographic experts group) : فۆرماتێکی ناسراوی وێنەیە لەبواری گرافیکدا واتە

پاستاوتنێکی گونجاوی تیا بەکاردێ کەلە دیققەی وێنە فۆتۆگرافیکیەکە کەم ناکاتەوە،

PCT : بریتیە لەفۆرماتێکی تر کەلە Mac دا زیاتر بەکاردێت،وە لە ویندۆزیشدا بەکاردێت

کە بە quick time pic.viewer ئەکرێتەوە ئەم جۆرە فۆرماتە

size یفایلەکە زۆرکەمە و قوالیتیەکی گونجاوی هەیە.

SWF(swift file) : فۆرماتێکی ناسراوی ماکرۆمیدیایە بەشێوەیەکی بەربڵاو لە پەڕگەکانی ئینتەرنێتدا بەکاردێت

وە هەروەک فۆرماتی svg وایە قەبارەی فایلەکە زۆربچوکە و دیقەقەکەشی ناگۆڕێت واتە scalable ە،



PSD : بریتیە لە فۆرماتی ناسراوی فۆتۆشۆپ واتە وەک فایلێکی یادەگی فۆتۆشۆپ,گەر ویستمان

لە فۆتیۆشۆپ کار لەفایلەکەدا بکەین دواتر ئەوا ئەم جۆرە فۆرماتە هەڵدەبژێرین.

PNG(portable network graphic) : بریتیە لە فۆرماتێکی تری ناو ویندۆز کە هەر وەک و jpeg وایە

TGA : ئەم فۆرماتە زۆر کەم بەکاردێت چونکە سایزی فایلەکە زۆر گەورە بەسەدان جار لە فۆرماتەکانی تر

زیاتر لە گرافیکی پێشکەوتودا بەکاردێت advanced true vision graphics .

TIFF : ئەمە بریتیە لە بەرزترین فۆرماتی وێنەی گرافیکی ناو ویندوز چونکە ڕێژەی پاستاوتنی کەم تیابەکاردیت

وە بەشێوەیەکی کەم بەکاردیت لەبەر سیبزەکەی.

WMF(windows meta file) : بریتیە لە بچوکترین فۆرماتی گرافیکی ناو ویندۆز، کەزیاتر لە وێنە گرافیکیەکانی clip art ی

ناو ویندۆزدا بەکار هاتوە وە لەگەڵ ئە و سایزە بچوکەشدا زیاتر دیقەقەکەی لە وێنەی ڤێکتەر ئەچێت،

بۆیە زیاتر لەکاری ڕونکاری بەوێنەی سادەدا بەکاردێت.

هێنانی فایل: دەتوانین بە 28 فۆرماتی جیاواز فایلی بەرنامە جیاوازەکان بێنین بۆ ناو ئەم بەرنامەیەو کاری تێدا بکەین

وە فایل هێنان بە دوو ڕێگەی جیاواز دەکرێ :

ڕێگەی یەکەم بریتیە لە file>open پاشان هەر

فایلێکمان ویست بەیەکێ لەفۆرماتە گونجاوەکان دەیهێنینە ناو بەرنامەکەوە.

ڕێگەی دووەم بریتیە لە file>place کەلێرەدا دەتوانین وێنەی فۆتۆگرافی یان هەرجۆرەفایلێکی تر بهێنین،

وە پاش دەسنیشان کردنی ئەو فایلە لەخوارەوە چوارگۆشەی بەردەم link دیاری دەکەین:




هەرچەندە ئەم بەرنامەیە بەرنامەیەکی کێشان (drawing) ی دەوڵەمەندە بەنوێترین تەکنیک لەوبوارەدا بەڵام لەگەڵ وێنەی فۆتۆگرافیشدا پەیوەندی باشی هەیەو هەرلێرەوە دەتوانین بە دەیان effect و filter ی جۆراو جۆر بەکار بهێنین لەسەر وێنە فۆتۆگرافیەکانماندا،

هەروەک لەسەرەوە دیارە ئەچین ئەو وێنە دێنین کە دەمانەوێت و پاشان کلیک لە place دەدەین بۆ هاتنە ناو ستەیجی بەرنامەکە.




دەبینین لەپاش ئەوەی هاتە ناو
ستەیجەوە نیشانەیەکی x لە سوچاو
سوچی بەرنامەکە دراوە

کەئەمەش مانەی وایە وێنەیەکی
فۆتۆگرافیمان هێناوەتە ناو
پرۆگرامەکەوەو ئامادەیە بۆ یەکێک
لەو سێ کردارەی سەرەوە،

embed بریتیە لەهاتنە ناوەوەی
تەواوی وێنەکە واتە ئامادەیەبۆ هەموو
کارێک لەبەرنامەکەدا،

edit original بۆ دەسکاری کردنی
وێنەکە بەکاردێت لەیەکێ
لە پرۆگرامەکانی تری دەسکاری کردنی
وێنەی فۆتۆگرافی لە ویندۆزدا

live trace بەکاردێت لە گۆرینی وێنە
فۆتۆگرافیە کەبۆ وێنەیەک کە وەک
ئەوە وابێ لەبەرنامەکە کێشرابێت
واتە دەتوانین هەموو هێڵە پێکهێنەرەکان (paths) ببینین

پاش کلیککردن لە embed کلیک لە live trace ئەدەین بەڵام بەشێوەیەکی واضح نابینین،لەبەر ئەوە لەجیاتی ئەوە
ئەچین کلیک لەو سێگۆشە رەشەی
بەردەمی ئەدەین کە لە چەند
بەش پێکهاتوە بۆ نم. color 6
دەدەین پاشانیش بەدوایدا کلیک
لە expand ئەدەین،






پاشان گەر بەماوسەکە بەسەر
بەشەکانی وێنەکەدا برووین ئەوا
هێڵەجیاوازەکان دەر دەکەوێت

وەدەتوانین CTRL+Y داگرین وە بە zoom tool بیهێنینە پێش بۆ زیاتر

بینینی بەشەکان بەوردی.



ئەم کردارە لە وێنەی سادەی تردا زیاتر سوودی لێدەبینرێ بۆ نم.

ئەم وێنەیەی کەلە وێنەکەدا دیارە بریتیە لە و ێنەیەکی jpg پاشان بەهۆی کردارەکە ی سەرەوە گۆڕیومانە بە وێنەیەکی ڤێکتەر و

پاشانیش دەسکاری ڕەنگەکەیمان گۆڕیوەو تا بەو جۆرەی لێهاتوە.

***پاش هێنانی هەر وێنەیەک بەهۆی place ەوە بۆ ناو بەرنامەکە لەبۆباشتر بینینی وێنەکە ئەچین بۆ object>rasterize و دوتریش ok دەکەین.

****ئێستا باسی دروستکردنەوەی ئەو وێنە فۆتۆگرافیە دەکەین بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە گونجاوەکانەوە بۆ نم. بەکارهێنانی

pentool,pencil,polargrid… ئەم کردارە بریتیە لە دروستکردنی سکێچێک بۆ وێنەکە هەروەک وێنەکێشێک وێنەی کەسێک بکات بەڵام لێرەدا پێویستمان بەشارەزایی نیە لابواری وێنەکێشاندا

بەڵکو ئێمە وێنەکە لەبەر دەستمان دایەو بە چونەوە بەسەر وێنەکەدا بەهۆی ئامرازەکانەوە وێنەکە

دەکێشین بەم هەنگاوانە:

**پاش کردنەوەی پەیجێکی نوێ و هێنانی وێنەی ویستراو بۆناو ستەیجی بەرنامەکە و embed کردنی وەهێنانە پێشەوەی

بۆ ئەوەی بەشەکانی وێنەکە بە باشی ببینین،ئەچین layer ی وێنەکە lock دەکەین،

وە layer ێکی نوێ دروست دەکەین هەر وەک دیارە




دواتر بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە گونجاوەکانەوە بەسەر وێنەفۆتۆگرافیەکەدا ئەچینەوە،

لەکاتی بەکارهێنانی pen tool ئەبێت fill هیچ ڕەنگێکی نەبێت

واتە none، پاشان بەردەوام دەبین هەتا سکێچێک لەبۆ

وێنەکە دروست دەکەین وەگەر کاتی زیاتری لەگەڵ بەسەربەریت

ئەتوانی بەشێوەیەکی جوان وێنەکە بکەیەوە.




پاش تەواو کردنی سکێچەکە ئەچین لە بۆکسی layer کلیکێک ئەکەین لەو بازنە

بچوکەی لەیەری دووەم بۆ ئەوەی هەموو بەشەکان بەتەواوی سەلێکت بین،

دواتر لەسەر کیبۆرد CTRL+X داگرە یان بچۆ بۆ edit>cut ،

پاشان وێنەکە دادەخەینەوە

فایلێکی نوێ دروست دەکەینو کلیلەکانی CTRL+V دادەگرین .

دواتر سکێچی وێنەکە لەو فایلە نوێیەدا دادەنرێتەوە،ئەتوانین بەهۆی scale ەوە سایزەکەی گەورە یان

بچوک بکەینەوە.

لەو وێنەی خوارەوەدا بەشێوەیەکی خێرا بەکارهێنانی تەنها pencil tool سکێچەکەمان دروست

کردووە، بەڵام تۆ دەتوانی هەرکردارێکی گۆڕانکاری تری تێدا بکەیت یان ئامرازی زیاتر بەکار بێنی

بۆ ئەوەی sketch ێکی باشتری وێنەکەت بکەی.




Effects & Filters : ئەم بەرنامەیە چەندین جۆر ئیفێکت و فلتەری جۆراو جۆری تێدایە

کە ئەتوانین بەکاریان بهێنین لە وێنە کێشراوەکان یان فۆتۆگرافیەکاندا، کە زۆرێکیان گۆڕانکاری

زۆر جوان ئەنجامدەدەن لە گەیشتن بە شکڵێکی جواندا لە نم.ئەوانە فلتەری pucker&bloat

کە دواتر باسی زۆربەیان دەکەین،

* زۆرێک لە فلتەرە کان لەسیستمی ڕەنگی RGB دا کار ئەکەن بۆیە باشتر وایە بیگۆڕین لە

file>document color mode>RGB

ئیفێکتی pucker & bloat : ئیفێکتێکی زۆر کاریگەرە وزۆر ئاسانکاریمان بۆ دەکات لە دروسکردنی




شێوەی نوێدا بە هۆی ئامرازە سادەکانەوە، لەپاش کێشانی شکڵی ویستراوو سلێکت کردنی شکڵەکە ئەچین بۆ

filter>distort>pucker & bloat پاشان ئەم بۆکسە بچوکە دێتە پێشکە گەر preview داگرین ئەوا گۆڕانکاریە کان دەبینین بەجوڵاندنی ئەو سلایدەرە

بۆ لای ڕاست یان چەپ هەروەک لەم وێنەی خوارەوەدا باشتر دیارە:




وە گەر لەشکڵە بنەڕەتیەکەدا هەرگۆڕانکاریەک بکەین پێش ئیفێکتەکە ئەوا شێوەی

جیاوازتر مان بۆ پێکدێنێ بۆ نم. لەو وێنەی سەرەوەدا لەو ئەستێرەیەدا گەر ژمارەی تیشکەکانی زیاتر

یان کەم تر بوایە ئەوا دواتریش لە پاش پێدانی ئیفێکتەکە گۆڕانکاری جیاوازتر پێکدەهات.

roughen : یەكێكی ترە لە فیلتەرە كانی

بەشی distort بەشەكانی ئەم فیلتەرە

كاریان گۆڕانكاریە لە شێوە سەرەكیەكەدا بە شێوازی جیا جیا ئەویش بەهۆی جوڵاندنی

هەریەک لە و دوو سلایدەرەی بۆكسی فیلتەرەكەوە وە كاركردن لەگەڵیدا هەتا ئەمان گەیەنێتە شێوەی وێستراو

هەروەک لە وێنەكەدا دیارە لەبەشی خوارەوە بەهۆی بەكارهێنانی چەندهێڵێكەوە گۆڕیومانە بۆ شێوەیەكی

ئەنیمەیشنی لەپاش سەلێكتكردنیەن و پێدانی ئەم فیلتەرە ،وە preview داگرە بۆ دیتنی گۆرانكاریە كان پێش ok كردن:




tweak : ئەم بەشە زۆر بەكار نایەت چونكە دەبێتە هۆی

تێكدانی شكلە بنەڕەتیەكە بەشێوەیەكی نارێک .

twist : ئەم فلتەرە وەک ئیفێکتێکی بادان بەکاردێت و زیاتر لەگەڵ شکڵی ئەستێرەدا بەکاردێ

لە پاش کلیککردن لەم فلتەرە بۆکسێکی بچوک دێتە پێش کەتیایدا

نرخی گۆشەی بادران دیاری

دەکەین و پاشان ok دەکەین

وەک لەوێنەکەدا دیارە




Zigzag : ئەمە دوا فلتەری بەشی distort ە

وە کاریگەریەکی جوان بەکاردێت

لە گۆڕانکاری شێوەکاندا،هەروەک فلتەری

roughen وایە پاش کلیککردن بۆکسەکەی

ئەکرێتەوە و بۆهۆی جوڵاننی دوو سلایدەرەکەوە گۆڕانکاری ئەکەین،

هەروەک لە وێنەکەدا لەسەر چەند بەشێکی جیاواز بەکارمان هێناوە

ئەم کردارە وەک ئیفێکتێکی

جوان لەسەر هێڵ جێ بەجێ دەکرێ.



Stylize : بەکارهێنانی ئەم فلتەرە زۆر گرنگەو کەسێ فلتەری تێدایە ئەوانیش:

Add arrowheads : ئەم فیلتەرە بەکاردێ لەدروسکردنی هەر جۆرێکی arrows واتە تئشیرات بەهەرشێوازێکی ویستراو وە یەکێکە لە ئیفێکتە بەهێزەکان لەناو بەرنامەکەدا،

بۆ بەکارهێنانی ئەم ئیفێکتە سەرەتا پێویستە هێڵێک یان چەماوەیەک یان هەر open path یێک واتە ڕێڕەوێکی کراوە بکێشین کەئەمانەوێت وەک تیرێک arrow بەکاری بێنین،بۆ نم ئەچین هێڵێک ئەکێشین بەهەر تایبەتمەندیەک پاشان ئەچین بۆ filter>stylize>add arrowheads پاشان بۆکسێک ئەکرێتەوە بەم جۆرە: هەروەک لە وێنەکەدا دیارە




لەبەشی start سەرەتای دەستپێکردنی تیرەکە

دیاری دەکەین وە دەتوانین 27 جۆری جیاواز هەڵبژێرین

بە کلیککردن لە سەهمەکانی لای ڕاست و چەپ

بەشەکانی ترت بۆ دەردەکەوێت،

پاشان لە بەشی end دا کۆتایی تیرەکە دیاریدەکەین بەهەڵبژاردنی

یەکێک لەجۆرەکان،

وەلە خوارتر لە scale دا ڕادەی گەورەییەکەی دیاری دەکەین

بۆ نم. 100،200،50 یان هەر نرخێکی ویستراوی تر

هەر وەک لەو وێنەدا ڕێژەی جیاوازمان بەکار هێناوە



پاشان ok ئەکەین بۆ تەواو بوون.



تێ / ئەم کردارە لەسەر هەر شێوەیەکی ڕێرەو کراوە جێبەجێدەبێت

بۆ وێنە لەدوای کێشانی شێوەیەکی هێلکەیی بە erase tool ئەو بەشە مان لابردووە

کە ویستومانە و دواتر ئەم کاریگەریەمان بۆ بەکارهێناوە:



drop shadow : ئەمە بەشی دووەمی فیلتەری stylize ە

کە بەکاردێت لە پێدانی سێبەر بە شکڵەکان،لەپاش سەلێکت کردنی بەشی ویستراو

کلیکی ئەم فلتەرە دەکەین پاشان ok دەکەین



بەم جۆرە سێبەرێک بۆ شکڵەکە دروست دەبێت

کە کاریگەریەکی 3d ئەبەخشێتە

وێنەکە، گەر بمانەوێت دەسکاری تایبەتمەندی

سێبەرەکە بکەین لەوانە گۆوڕینی شوێنەکەی یان

ڕەنگەکەی یان چڕیەکەی ئەوا ئەتوانین

لە بۆکسی تایبەت بەخۆی ئەنجامی بدەین پاش کلیک کردن

بەم جۆرە:




opacity بریتیە لە ڕێژەی چڕی سێبەرەکە واتە کاڵ و تۆخییەکەی

x offset بریتیە لە دووری سێبەرەکە لەلای ڕاستەوە

y offset دووری سێبەرەکەیە لە بەشی خوارەوەی شکڵەکە

blur بۆ بڵاو بۆنەوەی سێبەرەکە بەکاردێ

وە دەتوانی ن ڕەنگی سێبەرەکە لە color دا بگۆڕین.

round corners : بە کاردێ بۆ گۆڕینی شێوەی سووچدار واتە polygonal shape بۆ شێوەیەکی هێلکەیی بەپێی

ئەو نرخەی کە بۆ ڕێژەی گۆڕانکاریەکە دایدەنێین:



***هەر چی بەشەکانی تری filter ە لەسەر

وێنەی فۆتۆ گرافی جێبەجێ دەبێت ،وەدەتەانین لێیان سوودمەند ببین

وە ئەم فیلتەرانە هەر وەک ئەوانەی ناو Adobe Photoshop elements وان:

بۆ بەکارهێنانیان پاش هێنانی وێنەفۆتۆگرافیەکە بۆ ناو ستەیج ئەچین بۆ




filter>filte r gallery کە چەندین بەشی جۆراو جۆری تیایە:

بەکلیک کردن لەهەر یەکەیان ئەو کاریگەریە وەردەگرن

وە بەهۆی بەکارهێنانی ئەو سلایدەرانەوە

لە ڕێژەی چری کاریگەریەکە زیاد و کەم ئەکەین

هەر وەک لەوێنەکەی سەرێ دا دیارە






لەم بەرنامەیە گەربمانەوێ ئەتوانین بەدەیان فیلتەری فۆتۆشۆپ بەکاربهێنین

بە ئینستۆڵ کردنیان لە directory خۆیدا لەم پرۆگرامە. بۆ نم. هەروەک لەم وێنەی سەرەوە دیارە کە

فیلتەری ice pattern ی فۆتۆشۆپمان بەکارهێناوە لە پرۆگرامەکەدا

کە تازەترین و جوانترین فیلتەرە بۆ وێنەی فۆتۆگرافی.

.



بەکارهێنانی لیستی effects :

" لیستی ئیفێکت لەم بەرنامەیەدا زۆرگرنگترە
لە

لیستی فیلتەرەکان کەپێشتر باسمانکرد،

ئەم لیستە زۆر لە لیستی فیلتەر ئەچێت و
زۆرێک لە

بەشەکانی پێشو لێرە شدا هەر هەیە.

بەلآم لەڕاستیدا کردارەکانی بەشەکانی ئەم
لیستە زۆر جوانترو گشتگیر ترە، وە بەشەکانی لیستی effects

لەسەر هەردوبەش" واتە مەبەستمان وێنەی فۆتۆگرافی و

ئەو وێنانەیە کە خۆمان لە بەرنامەکە دروستی دەکەین"

جێبەجێ دەبێت بەلآم بەپێچەوانەوە هیچ یەکێک لەبەشەکانی filter gallery

لەسەر وێنە کێشراوەکان جێبەجێ نابن و تەنها لەوێنەی فۆتۆگرافیدا

بەکاردێن.

*واتە دەتوانین لەلیستی effects دا بەشی gallery filter لەسەر

شکڵی کێشراو بە ئامرازەکانی بەرنامەکە بەکاربهێنین وە کاریگەری جۆراو جۆرو جوان بدەینە شکڵەکانمان




یەکەم بەش لەم لیستەدا

بریتیە لە ئیفێکتی 3d کەبەکاردێت لەپێدانی

کاریگەری شێوەی سێ دووری بەتەنەکان بەشێوەی

جۆراوجۆر،

وە ئەم ئیفێکتە کاتێکی زیاتر دەخایەنێت

لەکاتی بەکارهێنانیدا ئەویش بەپێی تایبەتماندی

هاردوێری ئامێرەکەت و ئەو شکلەی کە ئەم ئیفێکتەی بۆ بەکاردێنی

دەگۆڕێ.

بەشی یەکەمی ئەم ئیفێکتە بریتیە لە

exclude & bevel کەبە پێی تایبەتماندی

خۆمان بەکاردێ لە پێدانی کاریگەری3d بە بردنە

دواوەی ئەو بەشە یەن ئەو وێنەیە لە ئاستێکی بینینی تایبەتیدا

هەروەک لە بەرنامەی m. free hand یش بەهەمان شێوە بەکاردێ

لە و وێنە فۆتۆگرافیەکەی سەرەوەداباشتر دیارە دیارە.

لەپاش کێشانی ئەو شێوەیە دەمانەوێ یان ئەو وێنەیەی

کەهێناومانە ئەچین بۆ effects>3d>extrude & bevel

پاشان بۆکسێک دێتەپێش کەدەتوانین جەن گۆڕانکاریەک ئەنجام بدەین

بەم جۆرە:



کە گەر preview مان دیاری کردبێ ئەوا ئەتوانین گۆڕانکاریەکان

ببین پێش پێدانیان بەشکڵەکە واتە پێش ئەوەی ok بکەین،

ئەو cube ەی ناو بازنە شینەکە واتە شەشپاڵو وەکە بەکاردێ لە گۆڕینی بینینی

ئاستی ڕوی تەنەکە واتە  سێرووەجیاوازەکەی"سەرەوە ،لا،بەردەم"

بە کلیک کردن لە و cube ە وەجوولاندنی بەهەر ئاستێکدا .

واتە گەر ڕووی سەرەوەی ببینین ئەوها ڕووی سەرەوەی شکڵە کێشراوەکەمان دەبینین

وەبۆ هەمو لاکانی تریش بەم جۆرەیە،یان دەتوانین لەسەرەوە لەبەشی position ڕوە جیاوازەکان دیاری بکەین و

پاشان بیانبینین



بەشی extrude depth بەکاردێ لە

زیاد و کەم کردنی کاریگەری 3d یەکە

لە شکڵەکەدا بە جوڵانی سلایدەرەکەی ناوی،

وە ئەو بەشەی بەرامبەری واتە

cap بۆ بینینی




تەنەکە بە دیواو دەری.

بەشی bevel کاتێکی زۆر دەخایەنێ بۆ گۆڕانکاری لە رووی ئەفێکتەکە

وە ئەتوانین سوود لەبەشی surface

وەرگرین لەگۆڕانکاری لەڕوی ئیفێکتەکەدا گەر لەبەشی سەرەوە

کلیکێک بکەین لە more options ئەوا هەموو بەشەکانی تری

surface دەردەکەون بەم جۆرە:




کەئەتوانین گۆڕانکاری بکەین

لەرەنگ و روناکی ئیفێکتی 3d ەکەدا،

بۆگۆڕینی رەنگ لە shading color

custom دیاری دەکەین

پاشان بەکلیک کردنلەوە بۆکسە رەنگەکانیتر

بەدەردەکەون، یان بەجوڵانی خاڵەکانی ناو بۆکسەکە شوێنی

روناکیەکەدەگۆڕین،



بەشی map art لەم بۆکسە بەکاردێ بۆ هێنانی هەر ڕەمزێکیی ناو بۆکسی

ڕەمزەکان وە لکاندنیان بەبەشی کێشراوەوە:

بۆنم.هەروەک لەم وێنەدا دیارە؛

لەبەشی symbol یەکێ لە ڕەمزەکانیناو بۆکسەکە دیاری دەکەین و

سایزەکەی دەگۆڕین بەهۆی بۆکسەکەی دەوریەوە

دواتر ok دەکەین.




بەم شێوەیەی لێدێ :



تێ / زیاتر ئەو ئیفێکتانە باس دەکەین کا گۆڕانکاری گونجاو ئەنجام دەدەن ،

یەکێک لەو ئیفێکتانەی تر بریتیە لە feature

کەزیاتر بۆ وێنەی فۆتۆگرافی بەکاردێت، کەهەروەک لەوێنەکەی خوارەوەدا دیارە

دەبێتە هۆی کاڵکردنەوەی وێنەکە لە سووچەکانیەوە بەشێوەیەکی جوان،

ئەچین وێنەکە سەلێکت ئەکەین و پاشان ئەچین بۆ effect>stylize>feather پاشان بۆکسێکی بچووک

ئەکرێتەوە ئەتوانین لەبەینی 8.81—00.1 نرخی بدەینێ گەر preview دیاریکرابێ

ئەتوانین ئیفێکتەکە ببینین پێش ok گەر نرخ بنوسین و لەسەر کیبۆرد tab داگرین:



** ئیفێکتیinner glow ئەم ئیفێکتە بەشێوەیەکی نایاب بەکاردێت لە گۆرینی یان

تێکالاو کردنی دوورەنگی جیاواز یان گۆرینی تۆنی هەمان رەنگ لەسەنتەری شکڵەکەوە بەرەو

دەرەوە ،لەپاش سلێکت کردنی شکڵی ویستراو وە کلیککردن لەم ئیفێکتە لەبەشی stylize دا

بۆکسێک دەکرێتەوە بەم جۆرە : لەبەشی mode یەکەم جار normal دیاری دەکەین پاشان لەو بۆکسی رەنگەی بەرامبەری

ئەورەنگە دیاری دەکەین کەدەمانەوێت،وەلە opacity دا رێژەی کاڵیی یان تاریکی دیاریدەکەین بەجوڵاندنی سلایدەرەکەی وەپاشان لەبەشی blur رێژەی بڵاوبوونەوەی رەنگەکە لە سەنتەرەوە لەرەنگەبنچینەییەکەدا دیاری دەکەین ،

وەپاشان دەتوانین لە mode دا بەشەکانی تریش تاقی بکەینەوە

بە جوڵانی سلایدەرەکە بەلای راست یان چەپدا،وە دەتوانی گۆرانکاریی رەنگی جوان ئەنجام بدەیت، گەر زیاتر خەریکی ببیت:



ئەم ئیفێکتە لەسەر وێنەی فۆتۆگرا فیش هەمان کار بەجێ دێنێت

outer glow ئەم ئیفێکتەبە تەواوی پێچەوانەی ئیفێکتەکەی پێشووە

کەدەبێتە هۆی پێدانی کاریگەریەکی ڕەنگی بە بڵاوبونەوەی ڕەنگی دیاریکراو لە دەرەوە بۆ ناوەوە

کە بەهۆی بۆکسی تایبەتمەندی خۆیەوە دەسکاری دەکەین

هەروەک لەم دوو وێنەدا دیارە:








scribble : ئیفێکتێکی زۆر نایابە و بۆزۆر کاری جۆراو جۆر بەکاردێت لەپاش کلیک کردن لەم ئیفێکتە بۆکسی تایبەت




بەگۆڕانکاری دەکرێتەوە بەم جۆرە کەلە چەندین بەشی گۆڕانکاری پێکهاتووە بۆنم.لە بەشی setting دا چەند شێوازێکی ئامادەکراوی تێدایە ئەتوانین بەکاریان بهێنین یان خۆمان گۆڕانکاری بکەین بەهۆی جولاندنی سلایدەرەکانەوە بۆلای ڕاست یان چەپ

کردارەکە زۆر بەئاسانی جێبەجێ دەکرێت چوونکە

ئەتوانین ئەنجامی گۆڕانکاریەکان ببینین بەهۆی

دیاری کردنی preview ووە کە زۆر یاریدەدەرە لەزۆربەی function ە جیاجیاکانی ئەم بەرنامەیەدا بوونی هەیە

لەبەر ئەوە گۆڕانکاریەکان باس ناکەم وە بۆخۆتی دائەنێم چوونکە بەکارهێنانیان تەنها تقلیدە




هەروەک لە وێنەکەی سەرەوەدا دیارە بەهۆی بەکار هێنانی چەند هێڵێکەوە ئەم ئیفێکتەمان دهروست کردووە

یان لەم وێنەیەدا:



svg filters : ئەم ئیفێکتە زیاتر لەگەڵ وێنە کانی فۆرماتی svg بەکاردێ،

بەڵام لەگەڵ وێنەی ئاسایی و وێنەی فۆتۆگرافێشدا بەکاردێ هەروەك لەم

دوو وێنە جیاوازەدا بەکارهاتوە








warp : ئەم ئەفێکتە زیاتر لە text دا بەکاردەهێنرێت و کاریگەری نایاب دەبەخشێتە نوسینەکانمان،




بەڵام لەگەڵ شکڵەکانی تریشدا بەکاردێت وە پاش کلیک کردن لەم ئیفێکتە ئەم بۆکسە دەکرێتەوە:

کە ئەتوانین بەهۆی هەڵبژاردنی بەشێک لە style دا

ئەو جۆرە کاریگەریە بدەینە شکڵەکەمان

وە بەهۆی ئەو سێ سلایدەرەوە

گۆڕانکاری زیاتر لەکاریگەریەکەدا ئەنجام دەدەین:

هەر وەک لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە کە لە یەکەم بەشدا بەهۆی بەکارهێنانی rectangular grid tool ەوەو لەپاش پێدانی ئەم ئیفێکتە

ئاڵایەکی لەو جۆرەمان دروست کردووە:



effect gallery : بریتیە لەکۆمەڵێک ئەفێکتی جۆراوجۆر جیاوازیان لەگەڵ filter library ئەوەیە کە

filter library تەنها لە وێنەی فۆتۆ گرافیدا بەکاردێ بەڵام effects gallery لەگەڵ شکڵی کێشراوو وێنەی گرافیکیشدا بەکاردێت هەروەک لەم دوو وێنەیەدا باشتر دیارە:





path styler pro. : بەهێزترین و جوانترین ئیفێکتی ئەم بەرنامەیە بریتیە لەم ئیفێکتە کەبەشێوەیەکی فراوان و بەهێز دەبێتە هۆی پێدانی ستایلاتی جیاواز بەرێرەوە کێشراوەکانمان ئیتر type بێت یان هەر شێوەیەکی تر،

ئەم ئیفێکتە بریتیە لە plug-in یێک "کەئەتوانین بڵێین بەرنامەیەکی سەرباخۆی ترە لە ناو ئەم پرۆگرامەدا".،




** ئەم plug-in ە لە سیدی بەرنامەکادا هەیە

ئێستاش باسی چونیەتی دابەزاندنەکەی ئەکەین:




ئەچین دوو کلیک ئەدەین لەئایکۆنی بەرنامەکەبەم جۆرە

پاشان next ئەکەین و

accept پاسان سریالەکەی لە خانەکەدا دائەنێین:




پاشان next ئەکەین

پاشان ئەچین لە plug-in folder دا

شوێنی تایناتی خۆی بۆ دیاری ئەکەین

بۆ نم.گەر بەرنامەکەت لەسەر درایڤی c ئینستۆڵ کردبوو

ئەوا شوێنەکەی بەم جۆرەیە

پاشان next ئەکەین و دەست دەکات بەدابەزین

C:\Program Files\Adobe\Adobe Illustrator CS2\Plug-ins

پاشان لەبەشی کۆتایی لیستی

ئیفێکتی بەرنامەکەدا جێگیر دەبێتە ناوی shinycore بەم جۆرە:



دواتر ئەتوانین لەسەر هەر بەشێک بمانەوێت بەکاری بێنین

ئێستا بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سادە باسی بکەین ئەچین هەرشکڵێکمان بوێت لەبەرنامەکە ئەیکێشین

گرنگ نیە ڕەنگی هەبێ یان نەیبێت ،

بۆ نم.بازنەیەک ئەکێشین و کلیکی ئەم ئیفێکتە ئەکەین بەم جۆرە؛

پاشان ڕوکاری بەرنامەکە ئەکرێتەوە بەم جۆرە:




بریتیە لە بازنە کێشراوەکەی ناو بەرنامەکە

بریتین لە سلایدەرە کانی گۆڕان کاری لە ڕەنگ و سێبەرو ڕوناکی

بەکلیک کردن لەهەر یەکێ لەم بەشانە ئەبێتە هۆی دەرکەوتنی بۆکسی ڕەنگەکان بۆئەو بەشە بەم جۆرە






پاشان لەبەشی سەرەوە ئەم بەشانەمان هەیە

ئەم ئایكۆنە بچوكە بەكاردێ

لە دەركەوتنی تەنیا ڕێڕەوی شكڵەكە " واتە قەراغی ئەو بەشە" یان دەركەوتنی هەردوو بەیەكەوە

ئەم سێ سلایدەرە بەكاردێن لە:

size: بۆ گۆڕینی سایزی شكڵەكە"گەورەییو بچوكیەكەی:

depth : بەكاردێ لەدیاری كردنی قووڵی ڕەنگەكاندا

smoothing : بەكاردێ لە ساف كردنی ڕووەكە دا.

ئەم بەشە بەكاردێ لە گۆڕانكاری لە كاریگەریەكەدا




ئەم ئایکۆنە

بەکاریدێ لە زیاد کردنی ڕوو بۆ تەنەکە

چەند کلیک بکەین ئەوەندە ڕوی جیاواز بۆتەنەکە دروست دەبێت ،وە ئایکۆنەکەی پەناشی بەکاردێ لەسڕینەوەی ڕووەکاندا بەکلیک کردن لێی

بەم جۆرە هەروەکو لەوێنەی خوارتردا دیارە:

کە چەندین ڕوی ترمان بۆڕووەسەرەکیەکە دروست

کردووە، وە دەتوانین هەر ڕووەی بەرەنگێکی

جیاواز زیاد بکەین؛



پاشان هەروەک لە وێنەیەی خوارەوەدا دیارە ئەچین

دەسکاری ڕۆشنی و تاریکی شکڵەکە ئەکەین هەروەک لە وێنەکەدا دیارە:




ئەم ئایکۆنانەش بەکاردێ لە گۆڕینی

شێوەی دەر کەوتنی کاریگەریەکە لەسەر ڕووەکە. هەریەک لەم ئایکۆنە خرانە

بەکاردێنین لەگۆڕینی شەوقی ڕووی

کاریگەری تەنەکە،وەبەهۆی ئەو ئایکۆنە بچووکانەی

تەنیشتیانەوە ڕەنگی ڕووناکیەکە یان شەواکە دەگۆڕین بەکلیک کردن

لێیان وە بەجوڵاندنی شەوقی ناو تۆپەکان شوێنی ڕووناکیەکە لەسەر شکڵەکە دەگۆڕێ..

سەرنج *** بۆ زیاد کردنی دیققەی واتە زیاد کردنی کوالیتی شکڵەکەمان

چەند کردارێک لەبەشی style لەسەرەوە بەجێ دێنین هەروەک لەوێنەکەدا دیارە

لەبەشی resolution دا otherهەڵدەبژێرین و لەو خانە بچوکەدا بۆ بەرزترین ئاست 1400

دەنوسین،

پاشان لەبەشی anti-Aliasing دا واتە " دژە زبری " بەرزترین هەڵدەبژێرین کە ماوەیەک دەخایەنێ تا جێبەجێ

دەبێت

دواتر ئیفێکتی شکڵەکە بەجۆرێکی جوانتر دەردەکەوێت وەک لەپێشتر:



*** بۆ دەر کەوتنی ئیفێکتە ئامادەکراوەکان ئەچین کلیک ئەکەین لە preset لەبەشی

خوارەوە بەم جۆرە: لەپاشان بۆکسی ئیفێکتە ئامادەکراوەکان ئەکرێتەوە

کە زیاد لە 450 ئیفێکتی ئامادەکراو لەخۆ ئەگرێ ئەمە جگە لەوەی کە خۆشمان ئەتوانین لەتێکەڵاو کردن و

گۆڕانکاری تیاکردن لە ئیفێکتەکاندا جۆری جیاواز پ لە ئیفێکتەکاندا جۆری جیاواز پێکبهێنین و لەم بۆکسەدا سە یڤی بکەین




دەتوانین پاش کێشانی هەر شکڵێکی سادە بەیەکێ لەئامرازەکان وە لەپاشان پێدانی ئەم کاریگەریانە بەشکڵەکە

شێوازی جوان و تایبەتمان دەست بکەوێت وە دواتر بەشێوەی جیاواز بەکاریان دێنین بۆ نم.

لەوشکڵەیسەرەوەدا ok ئەکەین و دواتر لەستەیجی بەرنامەکە قەبارەکەی بچووک ئەکەینەوە و بەکرداری

دراگ ئەیبەینە ناهو بۆکسی سواچەکان و دواتر وەک ڕەنگێکی ئاسای بەکاریدێنین لە شکڵەکاندا؛

** کە ئەمەش ڕێگەیەکی ترە لەدروسکردنی ... pattern & texture هەروەک لەوێنەی خوارەوەدا دیارە




یان دەتوانین وەک symbol ێک سوودیان لێوەرگرێن بەهۆی symbol sprayer tool ەوە

بە بەکارهێنانیان لە وێنەی فۆتۆگرافیدا وەک چوارچێوەیەک بۆ وێنەکە،

وە دەشتوانین وەک فلّچەیەکی نوێ بەکاریان بهێنین لەپێدنی کاریگەری جۆراوجۆرو جواندا

کەپێشتر باسمانکرد،

یان وەک جوانکاریەک لەدیزاینی web یان یان بەرگی ڕۆژنامەو گۆڤاردا وە سوودی زۆریشیان لێ دەبینرێ

لێدەبینرێ لەدروسکردنی button و جوانکاری لە banners دا لە پەڕگەکانی ئینتەرنێتدا

یان لەگەڵێک بواری تردا پاش دەسکاریکردنیان لەبەرنامەکەدا......







هەر وەک ئەم دوو وێنەیە بەکارهێنانیان زیاتر روووندەکاتەوە




*** چەند بەجێهێنانێکیتر ی ئەم ئیفێکتە:

هەر وەک لەوێنەکەدا دیارە:

کەلە بەشی material دا ئەتوانین چەند

جۆرێکی ئیفێکتی ،ماددی بە ڕووی تەنەکە بدەین

کە لەباری ئاسایدا بەشێوەیەکی پلاستیکی ڕوەکەی دەردەکەوێ

بەڵام ئەتوانین بیگۆڕین بەیەکێ لەوبەشانەی تر بۆنم.
شوشەیی واتە glass یان ڕوویەکی تەخت لە solid دا

وەکاریگەریەکان بەم جۆرە دەردەکەون

هەروەک لەم وێنادا هەموویان دیارن:






وە گەر بەشی map color هەڵبژێرین ئەوا

ئەمیش لەچەند ستایلێکی جیاواز پێکهاتوە

کە 20 جۆری جیاوازن

لەوانە ئەتوانین

وێنەی خۆمانی تێدا بەکاربهێنین کەوەک ستایلێکی جوان لەسەر

شکڵەکە بەدەر دەکەوێ

وە ئەتوانین لەهەر یەکێ لەو 20 بەشە

بەدەیان گۆڕانکاری ئەنجام بدەین بەهۆی ئایکۆنەکانی گۆڕانکاری

بەردەمیانەوە بەم جۆرە



کە گەر کلیکی لێبدەین ئەوا لیستێکی گەورەی بۆدەکرێتەوە کەچەند بەشێکی تیایە ئەتوانین

بە کلیک کردن لێیان شێوازی ستایلەکە بگۆڕین یان، بەهۆی سەهمەکەوە گۆڕانکاری وردتر ئەنجام بدەین:

*ئێستا ئەتوانین دەست بگرین بەسەر وورد ترین گۆڕانکاری لە کاریگەری

رووی تەنەکەدا بەهۆی دراگ کردن لەهەر شوێنێکی ئەو بەشە

وە دوای هەر گۆڕانێک لەسەر شاشەکە شکڵەکەش ئەگۆڕێت،







وە ئەتوانین بەهۆی جوڵانی سلایدەری ڕەنگ گۆڕانکاری

لەڕەنگی شکڵەکادا بکەین

یان گەر کلیک بکەین لەم بەشە بچوکە

ئەوا ئەتوانین چەند ڕەنگێک بەکاربینین لەهەمان بەشدا واتە

هەر وەکو گرەدیەنت وایە کەپێشتر باسمان کرد.




وە بەهۆی کلیک کردن لەم بەشەوە

ئەتوانین شوێنی ئیفێکتەکە

لەسەر شکڵەکە بگۆڕین بەدراگ کردن لەسەر هەرشوێنێکی شکڵەکە،

یان ببچوککردنەوەی چوارگۆشە ڕەشەکەی دەوری تەنەکە ئیفێکتەکانیش بچوکتر دەبنەوە وە بە پێچەوانەشەوە؛




بۆکسی ڕەنگەکان کەبە کلیک کردن لەسەر

شوێنێکی color bar دەکرێتەوە.

وە بەو جۆرە بۆهەموو بەشەکانی تریش هەر بەم شێوەیەیە

وەهەمان کردارەکان دووبارە دەکەینەوە گەر ویستمان گۆڕانکاری زیاتر ئەنجام بدەین:

هەر وەک لە وێنەکەدا بەدەر کەوتوە




وە لەبەشی texture یش دا کەپێشتر باسمان کرد هەر یەک لەم ئیفێکتانە هەیە

بەڵام بەشێوازێکی جیاوازتر لە color map بۆ نم.کاریگەری dot لەهەر دوو بەشەکەدا هەیە

کە بەم جۆرە دەردەکەون:

## Dots



Dots as a color map Dots as a texture

یان لە ئیفێکتی سپایرەل دا کە بەم جۆرە لەهەردوو بەشەکادا بەدەر دەکەون؛




وە ئەوانی تریش هەر بەو چەشنەن

* ئێستا باسی بەشی image دەکەین

ئەچین texture ێک بۆ ئەو شکڵە دیاری دەکە ین بەم جۆرە:




پاشان کلیکدەکەین لەم بەشە:



پاشان بۆکسێک ئەکرێتەوە و ئەو وێنەیە دەسنیشان دەکەین کە ئەمانەوێ و

دواتر open ئەکەین بۆ هێنانی وێنەکە بۆ ناو شکڵەکە بەم جۆرە ؛

وە ئەتوانین دەسکاری رەنگ و رووەکان بکەین واتە رووی تری بۆ زیاد بکەین لێرەوە

پاشان ok دەکەین بۆ چونە ناو بەرنامەکە، وە ئەم کرداره ماوەیەک دەخایەنێت تا ئەچێتە ستەیجەوە

تێ/ ئەم کرداره رەنگە کاتێکی زۆر بخایەنێت بۆ تەواو بوون بە پێی تایبەت ماندی ئامیرەکەت

لەبەر ئەوە بۆ ئەوەی کێشتە نەبێ ئەتوانیت لەبەشی style دا لە دیققەکەی کەمبکەرەوە لەهەریەکە

لە resolution,anti-aliasing دا ئەو کات بەشێوەیەکی خێراو بێ کێشە جێبەجێ دەبێت.



بەم جۆرە پاشان ئەتوانین بەهەر فۆرماتێک سەیڤی بکەین لە export دا








تێ** ئەم ئیفێکتە بەشێوەیەکی نایاب و جوان لەسەر text یش بەکاردەهێنرێ

کە دواتر لەباسی تێکسدا باسی دەکەین.







تێ**لەکۆتایدا باسی دروستکردنی چەند شکڵێکی جیاواز دەکەین لەبەرنامەکەدا بەشێوەی هەنگاو هەنگاو

بەڵام پێش ئەوە ئەبێ لە تەواوی" total functions"ی بەرنامەکە بگەین ئینجا, چونکە

دروستکردن یان کێشانی هەندێ لە وێنەکان زۆرێک لەکردارەکانی پێشووی تێدا بەکاردێت .

لەوانەش ڕەمزی بەرنامەکە






ئێستاش باسی چەند وورده کردارێکی تری ناو بەرنامەکە ئەکەین؛

duplication : ئەم ووشەیە لەزۆرێک لە بەرنامەکاندا بەدی دەکرێت لەوانە ماکس و گەلێکی دی..

وه بەمانای کۆپیکردن دێت واتە لەبەرگرتنەوە ،

لەم بەرنامەیەدا زۆرئاسانە،، ئەچین ئەو شکڵە سەلێکت دەکەین و پاشان edit>copy

وەدواتر هەر لە edit دا پایستە دەکەینەوە.

یان ئەتوانین بەشێوەیەکی باشتر شکڵەکانمان کۆپی بکەین،

ئەویش لەپاش دراگ کردنی شکڵەکە بەهۆی سەهمە ڕەشەکەوە

واتە پێش ئەوەی دەست لەکلیک بەردەین لەهەر شوێنێک ویستمان هەمان شکڵ دانێینەوە ئاوا

لەسەر کیبۆرد ALT دائەگرین بەم جۆرە؛



وه لەپاش کۆپی کردنی شکڵەکە گەر

ویستمان دووباره و چەند بارەی بکەینەوە ئەوا لەسەر کیبۆرد

کلیلەکانی CTRL+D دائەگرین ،چەند جار ئەم کلیلانە دابگرین ئەوەندە جار

شکڵەکەمان لە هەمان شوێن دادەنرێتەوە بەم جۆرە:



یان چەند شکڵێک بەیەکەوە سەلێکت بکەین و

پاشان ئەو کلیلانە داگرین.

* بۆ گۆڕینی هێڵی کێشراو بۆ بۆ شکڵێکی filled واتە بۆئەوەی بتوانین بەئازادی گۆڕانکاری تیابکەین،

پاش کێشانی هەر هێڵێک ئەتوانین تەنها رەنگەکەی یان weight ەکەی بگۆڕین واتەگەر لە سووچەکانی چواردەوریەوە بمانەوێ گۆڕانکاری لە سایزەکەیدا بکەین ئەوا ناتوانین و هەروەک خۆی دەمێنێتەوە چونکە

بەرنامەکە بە هێڵێکی کێشراو مامەڵەی لەگەڵ دەکات ،یان بۆزیاتر روونکردنەوە گەر سوومکی

هێڵە کە بگۆڕین لە stroke weight دا ئەوا گەر لە CTRL+Y داگرین بۆدیتنی هێڵە پێکهێنەرەکان

ئەوا هەر خەتێکی باریک دەبینین هێڵ



هێڵی گۆردراو بۆ filled

لە وێنەکەوە باشتر و جوانتر دیارە ئەوەی لەسەرەوە باسمان کردووە

کەواتە لە بۆ گۆڕینی هێڵ بۆ شکڵی راست واتە converting line to fill shape

ئەوا لەپاش سەلێکت کردنی هێڵەکە ئەچین بۆ object>path>outline stroke پاشان هێڵەکە دەگۆڕدرێ و

دەتوانین بەشێوەیەکی وورد تر کاری لەگەڵ بکەین.

** بۆ کرداری joint واتە یەکگرتنی دوو خاڵ لە دووشوینی جیاواز" “ joining anchor points ” "

ئەچین ئەو دوو خاڵەی کەهەمانە بە سەهمە سپیەکەی نێو بۆکسی ئامرازەکان

سەلێکت دەکەین پاشان ئەچین بۆ object>path>joint

یان لەسەر کیبۆرد کلیلەکانی CTRL+J دادەگرین پاشان ئەو دوو خاڵە لەکوێین و

هەرچۆنێکبن بەیەکەوە joint دەبن بەم جۆرە:



1



2




3



4

بەڕێزان ئەم کرداره گرنگیەکی زۆری هەیه لەبەرنامەکەدا کەیاریدەدەرێکی زۆرباشه

لەکارەکاندا وه لەدروسکردنی لۆگۆشدا سوودی لێوەر دەگیرێت چونکه

ئەتوانین لەسەر هەر دوو خاڵیک ئەنجامی بدەین وەلەسەر هەموو ئامرازەکانی تریش بەکاردێ هەر بۆ نم؛



1



2






گەروەک لەوێنەکانی سەرەوەدا دیارە کەچۆن بەکارمان هێناوە لە بیەکگەیاندنی دووخاڵ

لە دوشوێبی جیاوازدا؛

وە بەسوود وەرگەرتن لە ئامرازەکانی transformation " کەپێشتر باسمان کرد " شکڵەکامان

لەشوێنی ویستراو داناوەو بەکرداری کۆپی گەر وەک لەوێنەکاندا دیارە؛






**

* بۆ بڕین یان لەتکردنی شکڵێ لەدوو خاڵدا سوود لە ئامرازی scissors tool

وەردەگرین لە ناو بۆکسی ئامرازەکان :

بەکار هێنانی زۆر ئاسانە ئەچین شکڵەکە سەلێکت دەکەین و کلیک لەم ئامرازە دەکەین

پاشان خاڵەکانی شکڵەکە بەدەردەکەون و لەهەر دوو خاڵێک ویستمان ئەو بەشە کەرت بکەین

کلیک دەکەین" واتە لەخاڵێک کلیک دەکەین و دواتر لەخاڵێکی تریش کلیک دەکەین" و شکڵەکە

لەو دوو خاڵەدا کەرت دەبێت واتە ئەتوانین بە ڕاکێشانی لایەکیان بە سەهمە ڕەشەکە ئەوبەشە کەرت بوە جیابکەینەوە

هەروەک لەوێنەکانیشەوە باشتر دیارە؛






وە پاش دوو کلیک کردن لە دوو خاڵەکە وە سەلێکت کردنی ئەو بەشەی شکڵەکە

بەجیا سەلێکت دەبێ مانای وایە کە ئەتوانین جیای بکەینەوە بە دراگ







وە بە کرداری joint گەر وستمان دوو بەشەکە لەو شوێنەیاندا بەیەک

دەگەێنین بە م جۆرە





** ئامرازێکی تری ناو toolbox بریتیە لە warp tool  کە ئەم ئایکۆنەی هەیە لەناو بۆکسی ئامرازەکاندا ،ئەم ئامرازە بەکاردێ لەگۆڕانکاری لە ڕێڕەوە کێشراوەکاندا واتە " paths " بە هۆی ئەم ئامرازەو بەشەکانی تری کە شەش بەشن بەم جۆرە؛



بەکارهێنانی ئاسانە و هەر لەپاش کێشانی هەر شکڵێ ئەتوانین بەکلیک کردن لێی و بەدراگ کردن بەسەر شوێنە جیاجیاکانی شکڵەکەدا گۆڕان کاری ئەنجام بدەین بەم جۆرە؛



ئەم بازنەیە بەکاردێ لە هەر شوێنێکی ئەو بەشەدا

وە گەر لەکاتی دراگدا ALT لەسەر کیبۆرد داگرین و دەستمان بجولێنین ئەوا سایزی بازنەکە بەئاراستەی جولآنی دەستمان گەورە یان بچوک دەبێت



 وە ئەمە دووەم ئامرازە و بۆگۆڕانکاری ڕێڕەوەکان  هەروەک لە وێنەی ئایکۆنەکەوە دیارە

بەشێوەیەکی لوولی بەپێی دەسگرتن لەسەر کلیك پاش کلیك کردن بەم جۆرە؛



 وە ئایکۆنی سێیەمیش کە pucker tool ە

گۆڕان دروسدەکات هەر وەکو ئیفێکتێک بۆ نم.

، وە گەر لەکاتی دراگدا دەستمان بجولێنین بۆ

هەر شوێنێک گۆرانەکەش بەئاراستەی

جوڵان دەبێت.




وە چوارەم ئایکۆنیش  بۆ گۆڕانکاری

جیاواز بەکاردێ و لە وێنەی فۆتۆگرافیشدا

هەر وەک فلتەری تێکدانی وێنە

بەکاردێر.



ئەم ئایکۆنەش بۆ تێکدان لەشکڵەکاندا بەکاردێ بەشێوەیەکی نارێک بەم جۆرە؛





ئامرازی شەشەمیش بۆ گۆڕانکاری بەشێوەی تیژ یان کریستاڵی بەکاردێ هەر وەک لەم وێنەدا؛





ئامرازی کۆتایش هەر بۆ گۆڕان کاری بەشێوەیەکی نارێک بەکاردێت واتە تێکدانی شکڵەکە



نەخشەی هێڵکاری(Chart) : چارت بریتیە لە ڕوونکردنەوەی  پەیوەندی نێوان

ئەو داتایانەی کەهەمانە  بەشێوەی هێڵکاریەک بۆ نم.گەشەی مندالْ بەتێپەربوونی کات،

ئام ئامرازە ئەکەوێتە ناو بۆکسی ئامرازەکان یان گەر لەسەر کیبۆرد

پیتی j داگرین نیشانەی ماوسەکە ئەگۆڕێت بۆ ئەم ئامرازە و

پاشان بەکرداری دراگ دووتەوەرەکە بۆ

نەخشەهێڵکاریەکە ئەکێشین  و لەبۆکسی تایبەتی خۆیدا




داتاکان ئدخال ئەکەین و پاش نووسینی هەر ژمارەیاک

لەخانەکاندا کلیکی ئایکۆنی 

ئەدەین لە بۆکسەکەدا

وە ئەتوانین داتا لەشوێنی تریشەوە بهێنین

وەک ms.excel بەکلیک کردن لەم ئایکۆنە

هەر لە بۆکسەکەدا 

وە پاش داخستنی بۆکسەکە دواتر ئەتوانین گۆڕانکاری بکەین لە داتاکا ن و شێوەی

چارتەکە؛

بۆ گۆڕان ی ژمارەکانی تەوەری x & y

type tool 

وە بۆ گەورەکردنی ژمارەکان 


ئەم ئایکۆنە بەکاردێنین

بۆ گۆرانکاری لەشێوەی چارتەکە واتە ڕەنگی کۆڵۆمەکان " ناتوانین ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری بکەین

چونکە چارتەکە گروپ کراوە"

پاش سەلێکت کردنی ئەچین بۆ object>ungroup پاشان yes

کرداری blend : ئەم کردارە کاری زۆر جوان ئەکات گەر بەووردی

بەکاری بهێنین،وە لە کاری دیزایندا لێی سوودمەند دەبین ، کردارەکە بریتیە لە دووبارە کردنەوەی

شکڵێک لەسەر ڕێڕەوێک بەشێوازێکی نایاب؛

کردارەکە لەسەر چەند شکڵێکی سادە ئەنجام ئەدەین بۆ ئەوەی بەباشی لێی تێبگەین

شکڵێک دروست دەکەین بۆ نم. بازنەیەک بە fill و stroke یکی خواستراو وە لەشوێنێکی تری سەر شاشەکە " لەهەرشوێنێک بێت گرنگ نیە"

بازنەیەکی تر بەقەبارەیەکی جیاواز یان بەهەمان قەبارە

ئەکێشین و دواتر هەردوو بازنەکە سەلێکت ئەکەین و پاشان پیتی W لەسەر کیبۆرد

دائەگرین پاشان نیشانەی ماسەکە ئەگۆڕێت بۆ ئامرازی blend بەم جۆرە 

پاشان لەیەکێک لەچوار خاڵی سەر بازنەیەکیان کلیک ئەکەین " ئەبێت لەکاتی کلیک کردن لە خاڵەکە نیشانەکە بەم جۆرەی لێبێت 

وەدواتر لەسەر هەمان خاڵی بازنەکەی تر یان هەرخاڵێکی تری کلیک ئەکەین و کرداری blend

لەنێوانیاندا دروست دەبێتو دەتوانین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین تیایدا.



هەر وەک لەوێنەکەی خوارەوەدا لەسەر سێ جۆر شکڵی جیاواز ئەم کردارەمان

ئەنجام داوە، گەر سەیری blend ی بازنەکان بکەین ئەبینین کە هێڵێکی ڕاست لەنێوان

یاندا هەیە واتە بەو هێڵە بەیەک گەیشتوون ئەمەش جیاکەرەوەی کرداری بلێندە،

خۆ ئەگەر بچین لەبەشی outline دا سەیریان بکەین واتە لەسەر کیبۆرد CTRL+Y دابگرین ئەوا

ئەبینین لە هەموویاندا تەنها هەر دووشکڵەکەمان هەیە ک واتە لە بلێندی بازنەکاندا هەر دووبازنەمان هەیەو

لەهی ئەستێرەکاشدا هەر دوو ئەستێرەمان هەیە کە بە هێڵێکی راست بەیەک گەیشتوون ،ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات

کە شکڵە دووبارە بووەکانی تر لەڕاستیدا نین و تەنها وەک کاریگەری کردارەکە لەسەر ڕێرەوەکە دووبارە

بوونەتەوە؛



ئێستا بۆدەسکاری کردنی ئەو بلێندە ئەچین بۆ object>blend>blend option

یان لەناو بۆکسی ئامرازەکان  دوو کلیک ئەکەین لەسەر ئایکۆنی blend 

پاشانبۆکسی تایبەت مەندی بۆ ئەکرێتەوە بەم جۆرە؛ گەر preview مان داگرتبێ ئە وابەهۆی

TAB ەوە گۆڕانکاریەکان ئەبینین لەسەر شاشەکە پێش ok کردن.




specified steps ئەم بەشە بەکاردێ لەدیاری کردنی ژمارەی شکڵە دووبارە بووەکانی سەر ڕێرەوەکە

کە بەنووسینی نرخ لە چوار گۆشەکەی بەردەمیدا و tab داگرتن ئەبێت بۆ نم، لێرەدا 10 مان نوسیوە



یان لەم بەشەیاندا 100 مان نوسیوە هەر لەهەمان بلێند دا




وەلە بەشی specified distance دا ئەتوانین مەسافەی بەینی شکڵە دووبارە بووەکانی ڕێرەوەکە دیاری بکەین بەنوسینی ژمارە لەخانەکەداو پاشان tab داگرتن بۆ دیتنی گۆڕانەکە.

یان دەتوانین لەو هێڵە ڕاستەی نێوان دوو شکڵەکە سەرەکیەکەوە دەسکاری




ڕێرەوەکە بکەین هەر وەک لەو pdf ەدا دیارە ، بۆ ئەو مەبەستەش ئەچین خاڵ لەسەر ڕێرەوەکە دادەنێین " واتە خاڵی بۆ زیاد دەکەین بەهۆی ئامرازی 

پاشان ئەتوانین بەهۆی سەهمە سپیەکەوە گۆڕانکاری لەخاڵەکاندا ئەنجام بدەین

هەر بەو جۆرەی لە وێنە کەدا دیارە

*** سەرنج ** ئەم کردارە بەشێوەیەکی فراوان بەکار دەهێنرێت و زۆر گشتگیرە چوونکە ئەتوانین لەسەر هەر دووشکڵێکی چوونیەک یان جیاوازیش ئەنجامی بدەین هەر بۆ وێنە لەم وێنەیەدا لەسەر دوو بازنەی هاوچەق ئەنجامـمان داوە بەم جۆرە؛






یان هەر وەک لەم بازنەیەدا دیارە کردارەکەمان وەک کاریگەریەکی ڕەنگی بەشکڵەکە بەخشیوە



یان وەک لەم وێنەیەدا لەسەر دوو هێڵی قەوس کردارەکامان ئەنجام داوە بەم جۆرە؛

لەکاتی کێشانی چەماوەی دووەمدا لەسەر کیبۆرد f مان داگرتووە و پاشان کردارەکەمان بەجێ هێناوە






** یەکی دی لە ئا رازەکانی ناو بۆکسی ئامرازەکان بریتیە لە live paint selection tool

کە ئەم ئایکۆنەی هەیە 

، ئەم ئامرازە لەگەڵ ئامرازی 

بەکاردێت لەبۆ لابردنی یان برینی بەشی نەویستراو هەر وەک کوژێنەرەوەیەک وایە

بەکارهێنانی بەم جۆرەیە

سەرەتا ئەچین ئەو وێنەیەی هەمانە سەلێکتی دەکەین پاشان لەسەر کیبۆرد پیتی K دادەگرین بۆ هێنانی

دواتر کلیکێک دەکەین لەبەشێکی وێنەکە هاتا دیاریبێ واتە ڕەنگی سوور ببێت بەهۆی کلیکەوە

پاشان کلیک دەکەین لەم ئامرازەو هەر بەشێکی نەویستراومان بوێ پێی لادەبەین

ئەویش بەکلیک کردن لەو بەشەو پاشان دەستنان بە backspace یان delete لەسەر کیبۆرد

هەر وەک لوێنەکانیشدا دیارە؛





پاش کلیک کردن لەبەشی زیادە شێوەکەی بەوجۆرەی

لێدێت و ئەتوانین بیسرینەوە



بەشێکی تر لەئایکۆناکان بریتیە لە

eye dropper & measure tool

بەشی یەکەم واتە هەڵگری رەنگ واتە گەر کلیک بکەین لەم ئامرازە و بەسەر هەر رەنگێکدا بیبەین و کلیکی لەسەر بکەین رەنگەکەمان بۆ کۆپی دەکات و دەدرێت بە شکڵێکی سەلێکت کراو " واتە دەبێت پێش بەکارهێنانی شکڵێکمان سەلێکت کردبێ"



پێش کلیک کردن لە ئایکۆنەکە ئەو

شکڵەمان سەلێکت کردووە دواتر کلیکمان کردوە لە ئایکۆنەکە

پاشان لەسەر ئەو رەنگەش کلیک دەکەین تا ئەویش بەهەمان رەنگ دەرچێت

* بەشی دووەم واتە ڕاستەکە بەکاردێ لەبۆ پێوانەکردنی

هەر بەشێک کەبمانەوێ






دواتر لێرە درێژیەکەیمان پێ دەڵێت واتە لە distance دا

کرداری نووسین (typing) : لەم بەرنامەیەدا نووسین گرینگیەکی زۆری هەیە چونکە ئەتوانین بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش دەسکاری نووسینەکانمان بکەین و بەدەیان ئیفێکتی تایبەت نووسینەکانمان جوان بکەین گۆڕانکاری نایاب بکەین کاتێک نووسینەکە ئەبێتە شکڵێکی کێشراو.

بۆ نووسین لەسەر کیبۆرد t دائەگرین یان کلیک دەکەین لەئامرازەکەی لەناو بۆکسی ئامرازەکان، پاشان لەهەر شوێنێکی ستەیجدا کلیکبکەین ئەتوانین بنووسین وەلەکاتی نووسیندا ئەتوانین سوود وەرگرین لە control palette کە تایبەت ئەبێت بە گۆڕانکاریە تەقلیدیەکانی کرداری نوسین بەم جۆرە؛




دیاری کردنی فۆنت

گۆڕینی سایزەکەی

گۆڕینی align واتە شوێنی نووسینەکە

*بۆ گۆڕینی ڕەنگی نوسین واتە گۆڕینی fill و stroke ەکەی، لەپاش نووسین ئەچین کلیکێک ئەدەین لە سەهمەڕەشەکەی ناو بۆکسی ئامرازەکان و پاشان کلیکی لای ڕاست لەسەر نووسینەکە ئەکەین و create out line هەڵدەبژێرین و پاشان بەرنامەکە وەک شکڵێکی کێشراو مامەڵە لەگەڵ نووسینەکەدا ئەکات واتە دەتوانین بەشێوەیەکی ئازاد گۆڕانکاری ئەنجام بدەین بەهەر جۆرێک؛







بە دراگ لەم خاڵانەوە سکەیڵەکەی دەگۆڕین واتە سایزەکەی

پاشان ئەچین fill و stroke ەکەی ئەگۆڕین بەپێی ویستی خۆمان بەم جۆرەی کەلە وێنەکەدا دیارە؛




وە گەر بمانەوێ وشە وشە دەسکاری ڕەنگ بکەین ئەوا کلیکی ڕاست لەسەر نووسینەکە

ئەکەین و دواتر ungroup هەڵدەبژێرین .

پاشان ئەتوانین یەک بەیەک وشەکان دیاری بکەین و ڕەنگەکانیان بگۆڕین بەم جۆرە؛



وە گەر بمانەوێ گۆڕانکاری لەشێوەکەیدابکەین بەشێوەیەکی ئازاد ئەوا

بە lasso tool ئەو بەشە یان ئەو وشەیە سەلێکت دەکەین و پاشان بەهۆی سەهمە سپیەکەی

ناو بۆکسی ئامرازەکان بە دراگ گۆڕانکاری ئەنجام دەدەین هەر وەک لە وێنەکانەوە دیارە








**وەک کاریگەریەکی جوان ئەتوانین لە گۆڕینی ستایلی تێکست دا سوود لە envelope distort وەرگرین

لەپاش سەلێکت کردنی تێکستەکە ئەچین بۆ object>envelop
distort>make with warp هەڵدەبژێرین




پاشان بۆکسی گۆران دەکرێتەوە بەم چەشنە

بەشی پریڤیو دیاری بکەو لە ستایلە دا یەکێک لە

شێوازەکان دەسنیشان دەکەین،

پاشان بەهۆی سلایدەرەکانەوە گۆڕانکاری لەو جۆرە ستایلەشدا دەکەین هەر وەک

لەخوارەوە دیارە:




یان پاش گۆڕانکاری بەهۆی سەهمە سپیەکەو بەکارهێنانی ئامرازی گۆڕینی خاڵ



***تێبینیەکی گرنگ***

گەر کێشەی بەکوردی نوسینت هەبوو لەبەرنامەکەدا ئەوا ئەتوانین سوود لەفۆتۆشۆپ وەرگرین بۆهێنانی نووسین

کە هەر وەک وابێ لەبەرنامەکەدا نوسرابێ بەم هەنگاوانە؛

پاش نوسین لەفۆتۆشۆپدا کلیکی move tool واتە ئەم ئامرازە دەکەین 

دواتر بەهۆی crop tool ەوە  لاکێشەیەک دەکێشین بەدەوری نوسینەکەدا بەم جۆرە




پاشان کلیکی crop ئەکەین و دواتر save ی ئەکەین بەفۆرماتی EPS




دواتر لە ئیلوستریتەردا بەهۆی کرداری

placeەوە ئەیهێنینە ناو بەرنامەکە بەم جۆرە:

پاشان کلیک ئەکەین لە live trace

وە دواتریش کلیکی expand

ئەکەین و




نوسینەکە ئێستا بەتەواوی هاتوەتە

ناو بەرنامەکە و

ئەتوانین بەهەر جۆرێک بمانەوێ

گۆڕانکاری تێدا بکەین.



هەر وەک لە؛




** شێوەیەکی تری جوانکاری لەنووسیندا

بریتیە لە نوسین لەسەر ئاراستەی ڕێڕەوێک واتە نوسینەکەو ڕێڕەوەکە هامان

ئاراستە دەبن

هەروەک لەم نوسینەدا دیارە




بۆ ئەم کارەش سەرەتا ئەچین هێڵێکی لار ئەکێشین بە pencil tool یان بە brush tool

بۆ نم. وەک ئەوەی لێرەدایە



پاشان ئەچین کلیک ئەکەین لە ئامرازی

type tool و کلئکێک ئەکەین لەسەر سەرەتای

ڕێڕەوەکە " لەکاتی نزیک کردنەوەی ماوسەکە

لەرێرەوەکە نیشانەکەی بەم جۆرەی لێدێت"

هەروەک لێرا دیارە



کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کرداری نووسین لەسەر ڕێڕەوێکی لار

واتە چەماوە دەست پێدەکات هەروەک لەوێنەکاندا دیارە؛

]




وەدەتوانی ن کرداری جوانکاری بە ئیفێکتە جۆراو جۆرەکانیش ئەنجام بدەین یان بەهۆی

ئیفێکتی path styler ەوە گۆڕانکاری

ووردو جوان ئەنجام بدەین؛






بەلاَم پێش ئەوەی ئەم ئیفێکتە لەسەر نووسین ئەنجام بدەین ئەبێت لەپاش گۆڕینی بۆ outline

کلیکی راستی لەسەر بکەین و ungroup هەڵبژێرین پاشان ئەبێت وشە وشە سەلێکتیان بکەین وە

ئەم ئیفێکتەیان بۆ بەکاربێنین بەم جۆرە؛













*کاریگەریەکی جوانی تر لە تێکست دا بریتیە لەبەکارهێنانی

ئیفێکتی 3d کە بەشێوەیەکی ئاسان ئەتوانین بەکاری بێنین

لەپاش نووسینی تێکستەکە و گۆرینی بۆ outline و گەورە کردنی سایزەکەی

ئەچین بۆ effect>3d>extrude & bevel

دواتر کلیک دەکەین لەok بەم جۆرەی لێدێ:

وەگەر بمانەوێ رێژەی کاریگەریەکە زیاتر بێ ئەوا لە بۆکسەکەدا

نرخی extrude depth زیاد دەکەین.






** ئێستاش باسی کێشانی یان دروستکردنی چەند شکڵێک دەکەین کەلە کێشانیاندا
زۆرێک لەکردارەکان دووبارەدەکەینەوە .



هەروەک دەبینین ئەو وێنەیە

بریتیە لە لۆگۆی بەرنامەی

ئیلوسترەیتەر کە بەلای منەوە

جوانترین لۆگۆیەکە کە تا ئێستا دیتوومە،

ئەم لۆگۆیە هەر لەبەرنامەی ئیلوسترەیتەر دا
دروستکراوەو تەنانەت هەموو لۆگۆکانی تری

بەرنامەکانی ئەدۆبی هەر بەم بەرنامەیە

دیزاین کراون وە هەر وەک ئەدۆبی

لە رۆژنامەکەیاندا راپگەیاندبوو

کە ئەم پرۆگرامە پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە لە
کاری دیزاینی ووردکاریدا ""fine art design

وە ئێستاش باسی ئەوە دەکەین کەچۆن بتوانین هەمان لۆگۆ بەهۆی

ئامرازەکانەوە بەهەمان شێوە دروست بکەینەوە.

سەرەتا ئەچین بەهۆی ئامرازی pen tool ەوە رێرەوەکانی بۆدەکێشین واتە

سکێچێکی سادە" مەبەستمان لە هێڵە پێکهێنەرەکانە " هەروەک لەم وێنەدا جوانتر دیارە هەنگاو بە هەنگاو



پاشان یەکێک لەگەڵایەنە سەلێکت ئەکەین و ئەچین بۆ گرەیدیەنت و لەوێ بەشی radial دەسنیشان




دەکەین و ئەچین لە بۆکسی سواچەکانەوە "واتە ڕەنگەکان" ڕەنگی sunshine
دەهێنین بەم جۆرە'

پاشان لە بەشی transparency دا multiplay دیاری دەکەین

هەروەک دیارە؛




لەپاشان ئەچین گەڵاکانی تریش هەمویان سەلێکت دەکەین بەهۆی بەکارهێنانی shift ەوە

هەروەک لەوێنەکەدا دیارە، وە ئامرازی eye dropper بەکاردێنین



بۆ کۆپیکردنی ڕەنگی گە ڵای یەکەم پاشان کلیک دەکەین

لەوانی تریش بۆ ئەوەی هەمان ڕەنگ وەرگرن

" پاش ڕەنگ کردنیان ئاتوانین گرەیدیەنتەکە بەکاربێنین

بۆ ڕێکخاری لە ڕەنگی ئەوانیشدا"

دواتر ئەچین بۆ window>symbol library>hair & fur دانەیەکی گونجاویان لێ



هەڵدەبژێرین بۆ بەکارهێنانی وەک تیشکی ناو گوڵەکە "یان دەتوانین خۆمان دروستی بکەین"

وە هەر وەک ڕەنگی گوڵەکە ئەمیش ڕەنگ دەکەین پاشان لاناوەڕاستی گوڵەکەدا وەلە

دای دەنێینەوەوە سوود لەکرداری کۆپی وەر دەگرین لە دانانی ئەوانی تریش دا

هەر وەک لەوێنەکەوە دیارە

بەم شێوەیە بەکرداری کۆپی دایان دەنێینەوە

یەک یەک



پاشان لەبۆ دیاریکردنی

ناوەرۆکی گوولەکە ئەچین

لەسەنتەری تیشکەکاندا بازنەیەکی بچوک دەکێشین

پاشان بۆ گۆڕینی جیاوازی ڕەنگەکەی

لەبەشی transparency دا multiply دیاری دەکەین هەر وەک لەوێنەکەدا دیارە




دواتر شێوەیەکی تیشکی وەردەگرێ بەرەنگێکی جیاواز



پاشان لۆگۆکە شکلێکی لەم جۆرە وەردەگرێ

لەپاشان سوود لە کرداری opacity واتە

کاڵ کردنەوە وەردەگرین وە بەهۆی کۆپیەوە ئەتوانین

لەچواردەوری داینێینەوە

بەم جۆرە



راستە کردارەکە بەچەند هەنگاوێکی وورد دا تێدەپەڕێت تا لۆگۆیەکی نایابی لە چەشنە دروست بکەین

بەڵام کردارەکان نامۆنین وباسکراون بێجگە لەکرداری بەشەکانی transparency نەبێ

لەراستیدا ئەم بۆکسە بەکاردێ لە دیاریکردنی جیاوازی هەمان ڕەنگ

ئێستا زیاتر بۆت ڕون دەبێتەوە گەر لەم دوو وێنە بنوارێت؛





دوو شێوەی هێلکەی کەلەناو یەکدا کێشراون

بەهەمان ڕەنگ کە ناتوانین شوێنی یەکتربڕینیان

ببینین

هەر بریتین لەهەمان دوو شێوەکە بەڵام پاش کێشانی شکڵی دووەم

سەلێکتمان کردووەو چوین بۆ بۆکسی transparence کە لە پەنای بۆکسی

گرەیدیەنت دایە و لەوێ یەکێک لە بەشەکان بۆنم. لێرەدا multiply مان دیاری کردووە

لەپاشان بەوجۆرە دەردەکەوێت " واتە دیاریکردنی خاڵی یەکتربڕینی شکڵەکان

بەهۆی ڕەنگێکی تۆخترەوە" وەهەر بەشێکیان بەجۆرێکە

کەواتە ئەوەش بریتی بوو لە بەشەکانی transparency وە ئەرکەکەیان

ئێستاش بەسی کردارێکی تر دەکەین کە function ی clipping mask ی تیا بەکاردێنین

ئەم کردارە زیاتر لە تێکستدا یان هەر بەشێکی کێشراوی تر بەئامرازەکان بەکاردەهێنریت

هەروەک لەم وێنەوە دیارە کەبەهۆی چەند کردارێکەوە

ئەو وێنە باکگراوندەمان بەکارهێناوە لەو تێکستەدا؛






** سەرەتا ئەچین ئەو وێنەیە دێنین کە دەمانەوێ لە تێکستەکەدا بەکاری بێنین بەهۆی place ەوە

دواتر پاش سەلێکت کردنی وێنەکە ئەچین بۆ object>lock>selection پاشان بەکلیک کردن لە type tool ئەچین

ئەو نووسینەی ئەمانەوێ لەسەر وێنەکە بە قەبارەیەکی گونجاو ئەینووسین و کلیک لەسەهمە ڕەشەکە ئەکەین و

پاشان ئەچین بۆ type>create outline دەسنیشان دەکەین

یان کلیکی ڕاست لەسەر نووسینەکە ئەکەین و create outline هەڵدەبژێرین

پاشان قەبارەکەی گەورەتر ئەکەین بە کرداری دراگ لەسووچەکانی تێکستەکەوە

هەر وەک لە وێنەکەی خوارەوەدا دیارە.




پاشان ئەچین بۆ object>compound path >make

وە دواتر ئەچین بۆobject>unlock all و پاشان هەموو وێنەکە سەلێکت دەکەینەوەو

ئەچین بۆ object>clipping mask>make ولەپاشان

وێنەی بەکگراوندەکە ئەبێتە ئیفێکتێکی
جوان لە تێکستەکەدا بەم جۆرە؛



ئێستاش باسی ڕێگەیەکی تر دەکەین بۆ
کەریگەری تێکستی بریقەدار " shiny text"

بەم جۆرە وەک لەوێنەکەی خوارەوەدا دیارە؛

ئەچین تێکستەکەمان ئەنوسین و کلیکی

راستی لەسەر دەکەین و create outline

هەڵدەبژێرین بەم جۆرە







پاشان ئامرازی pen tool دیاری دەکەین و

هێڵێک دەکێشین بەناو

تێکستەکەدا وە هەرچون بێت

گرنگ نیە بەم جۆرە

بەڵام ئەبێ رەنگی fill

none بێت




پاشان تێکست و هێڵەکە سەلێکت

دەکەین و ئەچین بۆ window>path finder و لەوێ

لەبەشی divide کلیک دەکەین بەم جۆرە؛







دواتر بەهۆی سەهمە سپیەکەوە بەشی

سەرەوەی تێکستەکە سەلێکت دەکەین

بەو جۆرە



دواتر بە gradient ی ویستراو ڕەنگی دەکەین وەک لە وێنەکەدا دیارە







لەپاشان تێکستەکەمان

بەجۆرێکی جوان دەردەکەویت









ئەم کردارە لە شکلێتریشدا سوودی لێدەبینرێ هەروەک لەم دوو وێنەی
سەرەوەدا دیارە ،کەپاش دووبارەکردنەوەی کردارەکانی سەرەوە لەسەر ئەم وێنەیە و

پاشان بەکارهێنانی ئەم  ئامرازە لەسەلێکت کردنی ڕێرەوەکانداو گۆرینی رەنگیان.



ئێستاش باسی دروست کردنی ئیفێکتی stamp ئەکەین لە وێنەی فۆتۆگرافیدابەم جۆرە

لاکێشە یان چوارگۆشەیە دروست دەکەین

هەروەک لەوێنەکەدا دیارە ،پاشان ئەچین بۆ






پاشان لەو بۆکسەی دەکرێتەوە

بە هۆی جولاندنی
سلایدەرەکانەوە شێوەیەکی
گونجاوی لە بۆ ڕێک دەخەین،






پاشانیش ئەچین ئیفێکتی

dropp shadow ی لەبۆ زیاد دەکەین

بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوانتر
دەرکەوێت

دواتر گەرویستت ڕەنگی stroke

ی لەبۆ بگۆرە بۆ جوانکاری







ئێستاش باس لە دروسکردنی شکلێک دەکەین کەبەشێوەی 3d بێت

بەهۆی بەکارهێنانی ئیفێکتی 3d یەوە بۆ نم وێنەیەکی لەوجۆرە

سەرەتا بۆ دروسکردنی ئەو قاپەی کەسێوەکانی تیایە ئەچین

ڕێرەوێکی لەو جۆرەی بۆ دەکێشین بەهەر ئامرازێکی گونجاو بۆنم.لێرەدا

pencil tool مان بەکاربردووە پاشان ئەچین fill ی زەردی بۆ هەڵدەبژێرینو

ئەچین بۆ




پاشان بۆکسەکەی دەکرێتەوە کلیک دەکەین لە more options بۆدیتنی بەشەکانی تریش

دواتر ڕەنگێک دیاری دەکەین بەمجۆرە لە shading color دا




لەپاشان کلیک لە add new light دەکەین

بەم جۆرە



پاشان شوێنی بازنە سپیە بچوکوکان

ڕێک دەخەین بەوجۆرەی لە وێنەکە دا دیارە

پاشان گەر ویستمان شێوەکە بە جوانتر دەربکەوێ أمارەی blend steps زیاد دەکەین

بەڵام کاتێکی زۆرتری پێدەچێت




ئێستا کلیکی دەکەین و بەجۆرێک شکڵەکەت بۆ دروست دەبێت

بەم جۆرە یان جوانتر



پاشان سێوەکانیش دروست دەکەین بەم جۆرە؛

بە ئامرازی elipse tool شێوەیەکی هێلکەی وەک ئەمە دەکیشین ورەنگی دیاری دەکەین و دەچین بۆ effect>3d>revolve

پاشان کلیکی ok دەکەین " ئەبێت stroke رەنگی نەبێت واتە none




لەۆاشان ئەچین ئیفێکتی dropp shadow ئەدەین بە سێوەکە هەروک لە وێنەکەی

خوارەوەدا دیارە؛




پاشان ok دەکەین و ئەچین سوود لە

ڕەمزەکانی hair & fur ی بەرنامەکە دەبینین بۆ دروسکردنی ئەو بەشەی سێوەکە بە هێنانی دانەیەکی گوونجاوو ڕێکخستنی






پاشان سوود لە کرداری کۆپی ئەبینین لە بۆ دروستکردنی سێوەکانی تر

بەهۆی دراگ و داگرتنی کلیلی alt پێش دەست لابردن لە کلیک بەم جۆرە و دواتر ڕەنگەکەشی دەگۆڕین؛



پاشان ئەچین لە بۆکسی appearanceدا دووکلیک دەکەین لە 3d revolve بۆ ئەوەی

لەبۆکسەکەدا ئاراستەکەی بگۆڕین، وە تەنها ئەبێت ئەم بەشەت سەلێکت کردبێ.




پاشان ژمارەکانی ناو خانەکانی

گۆڕینی ئاراستە ڕێکبخە بەم جۆرە




پاشان بەشەکەی تری سێوەکە ڕێک بخە وەک لەوێنەکەدا دیارە



پاشان سێوەکان بەیەکەوە ڕێک بخە بەم جۆرەی لە وێنەکادا دیارە



دواتر بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی جوان لە قاپەکەدا دەرکەون لە

کرداری clipping mask سوود وەردەگرین،

ئەچین شێوەیەکی هێلکەیی ئەکێشین بەم جۆرە



پاشان سێوەکان و شێوە هێلکەییەکە

سەلێکت دەکەین بەس بەم جۆرە و

ئەچین لەسەر کیبۆرد ctrl+7 دادەگرین

یان object>path>clipping mask>make




لەپاشان شکڵەکەمان شێوەیەکی ڕاستی وەردەگرێ

بەم جۆرە....ڕاستە کردارەکە هەنگاوی

زۆری ئەوێ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سانایە.



** بەو هیوایەی بتوانن کە بەشێوەیەکی باش کاریگەری revolve بەکاربێنن لەپێدانی ئیفێکتی 3d دا

چوونکە هەر وەک لە ماکسیشدا بەهەمان شێوەیە.

واتە ئەچین لایەکی ڕێرەوەکە ئەکێشین پاشان ئەم ئیفێکتەی بۆ بەکاردەهێنین و

شکڵی ویستراومان دەداتێ هەر بۆ وێنە سەیری ئەم ڕێرەوە کێشراوە بکەن؛



ئێستا لەپاش بەکارهێنانی ئیفێکتەکە ئەو بەشە کێشراوە

ئەبێتە گۆزەیەک بەم جۆرە



ئێستاش باسی دروستکردنی گوڵێک ئەکەین بەهۆی بەکارهێنانی blend ەوە بەشێوەیەکی ئاسان و جوان؛



یەکەم جار بەسوود وەرگرتن لە ئامرازی کێشانی arc tool دوو هێڵی لەوجۆرە دەکێشین یەک زەرد ئەویدی شین

لەکاتی هەڵگەڕاندنەوەی دووەمیان f دادەگرین



پاشان ئەچین بۆ object>blend>blend option

ژمارەی ستەپەکان دەکەینە 10 دواتر ok دەکەین

وە دواتر هەردوکیان سەلێکت دەکەین و دەچین بۆ

blend>make

دواتر بەو جۆرە دەبێ






پاشان سوود لەکرداری کۆپی دەبینین لەدووبارەکردنەوەو free transform بەکار دێنین هەروەک

لە وێنەکەدا دیارە



پاشان بۆ ئەوانی تریش هەربە هەمان شێوە

کرداری کۆپی وە فری ترانسفۆرم بەم جۆرە:



پاشان لە دروست کردنی قەدەکەشی

دوو هێڵ دەکێشین بەم جۆرە وە پاشان هەربەهەمان شێوە بەکرداری بلێند

بەم جۆرەی لێدێ



دواتر بەشێوەیەکی سادە

گەڵاکەشی بەم جۆرە دروست دەکەین هەر بەهامان کرداری پێشو



پاشان بەدانانیان بەشێوەیەکی لەم جۆرە



وە بەهۆی دووهێڵی لەم جۆرەی ترو

دوبارەکردنەوەی کرداری blend بەم جۆرە

بەشەکانی تریشی دروس دەکەین





شکڵی کۆتویی بەم جۆرە دەبێ و دەتوانین

زیاتر دەسکاری بکەین و گۆرانکاری زیاتر ئەنجام بدەین بەهۆی

گۆرینی رەنگی stroke و گۆرینی سایزو کرداری کۆپی



بەڕێزان..

لەکۆتایدا ئەڵێم زانست هەربەبەخشینەوە جوانەو بەبەخشین زیاد دەکات

" هیوادارم کە توانیبێتم بەشیکردنەوەی function ەجیاوازەکانی ئەم بەرنامە ئاڵۆزە وچڕە

کارێکم کردبێ کە جێگای ڕەزامەندی ئێوەی بەڕێز بێت و بتوانن

کەکاری سەرنج ڕاکێش ئەنجام بدەن لەم بەرنامەیەدا

چێنەر جەمیل مەحموود

سلێمانی--2007




Created by Chenar